https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2362.04

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# شێوازەکانی دەستگیرکردن و لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدانی زیندانیانی سیاسیی کورد لە زیندانەکانی عێراق (١٩٧٩-١٩٩١)

سامان فارس عولا        پ. ی. د. ئامانج ئەحمەد مصطفی

زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب

sfa670h@hist.soran.edu.iq        amanj.mustafa@soran.edu.iq

**پوخته:**

ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتیی دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدانی زیندانیانی سیاسیی کورد لە زیندانییەکانی عێراق لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٩-١٩٩١) کە سەردەمی تاکڕەویی دەسەڵاتی سەدام حوسێن دەگرێتەوە. بەعسییەکان چەندین شێوازیان بەکارهێنا بۆ پارێزگاریکردن لە دەسەڵات و پێگەیان، هەمیشە کاریاندەکرد بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە، ئیتر زیندانیان وەک بڵاوکردنەوەی ترسێک بۆ نەیارەکانیان بەکارهێنا. هەڵبەتە بەهۆی بەهێزبوونی بزووتنەوەی چەکداریی ڕزگاریخوازیی باشووری کوردستان و کپکردنی دەنگی بەرهەڵستکار لەلایەن بەعس، ژمارەیەکی بەرچاو لە چالاکوانانی سیاسیی کورد دەستگیرکران، ئەشکەنجەیەکی زۆر دران، ئەم ئەشکەنجەدانەش خۆی دەبینییەوە لە کۆمەڵێک شێوازی جۆراوجۆر، وەک: ئەشکەنجەدانی جەستەیی و دەروونی بۆ ئەوەی زیندانییەکان ناچار بە درکاندنی زانیاری بکەن. ئەمەش لەوە سەرچاوەی گرتبوو حیزبی بەعس ڕێگای بە دەرکەوتنی هیچ حیزب و هزرێک نەدەدا کە لەگەڵ بەرنامەکانی دژبەیەک بێت. ئەم بیرکردنەوەیەی بەعس بوو بە هەوێنی دژایەتیکردنی لە لایەن حیزب و کۆمەڵە سیاسییەکان، بۆ ئەوەی بەرگری لە ماونەوەی شوناسی نەتەوەیی و دیموکراسی بکەن، دەرەنجام بەهۆی پێکدادانی هزری و چەکداری هەزاران چالاکوانی سیاسی خزێندرانە زیندانەکان و ڕەفتاری زۆر نامرۆڤانەیان بەرانبەر بەکارهێنان بۆ ئەوەی ناچاریان بکەن واز لە کاری سیاسی بهێنن و زانیاری لەسەر هاوڕێ و هاوبیرەکانییان بدرکێنن.

وشە کلیلییەکان: (زیندان، زیندانی سیاسی، بەعسییەکان، ئەمنەکان، ئەشکەنجەدانی جەستەیی، ئەشکەنجەدانی دەروونی......)

## شێوازەکانی دەستگیرکردن و لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدانی زیندانیانی سیاسیی کورد لە زیندانەکانی عێراق (١٩٧٩-١٩٩١)

## پێشەکی:

هاتنی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشالیستی (بەعس) بۆ سەر دەسەڵات، دەوڵەتی عێراقی خستە بەردەم کۆمەڵێک گۆڕانکاریی سیاسی و سەربازی و ئابووری و هزرییەوە. ئەم گۆڕانکارییانەش لەماوەی دەسەڵاتی تاکڕەوی سەدام حوسێن (١٩٧٩-٢٠٠٣) گەیشتە لوتکە. سەدام حوسێن بۆ ئەوەی پارێزگاری لە هێز و دەسەڵاتی بکات سەدان هاوسۆزی حیزبەکەی و هەزاران بەرهەڵستکاری کردە قوربانی، لە هەمانکاتدا بۆ ئەوەی کرداری کاری سیاسی بە یاسایی بکات، بەردەوام یاسای نوێی دەردەکرد بۆ قەدەغەکردنی کاری سیاسی لەناو هێزە چەکدارەکان و داومودەزگاکانی تر، جگە لە چوونەپاڵ حیزبی بەعس ڕێگە بە هیچ لایەنێک نەدەدرا کاری سیاسی بکات و ئەوەی پێشێلی یاساکەی کردبا سزای زیندانیکردن و لەسێدارەدان بوو. لەم نێوەندەدا چالاکوانانی سیاسیی کورد کەوتنە بەر شاڵاوی دەستگیرکردن و زیندانی کردن. ئیتر جۆرەها شێوازی ئەشکەنجەدانییان لەسەر تاقیدەکردنەوە بۆ ئەوەی زانیاری لەسەر کاری سیاسی و هاوکارانییان بدرکێنن، ئاکامی بەشێک لە ئەشکەنجەدانەکانیش لەدەستدانی بەشێک لە جەستە یان تێکچوونی دەروونی زیندانیکراوەکان بوو.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە دەروازەیەکی مێژوویی لەسەر ڕەوشی زیندانیانی سیاسیی کورد لە نێوان ساڵانی (١٩٦٨-١٩٧٩)، لەگەڵ دوو بەشی سەرەکی. لە بەشی یەکەم: تیشک خراوەتە سەر چۆنیەتیی دەستگیرکردن و لێکۆڵینەوە و وەرگرتنی زانیاری لە زیندانیانی سیاسی. بەشی دووەم: تەرخانکراوە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر شێواز و جۆرەکانی ئەشکەنجەدان، کە بە شێوەیەکی ورد باس لە

ئەشکەنجەدانی جەستەیی و دەروونی کراوە. لە کۆتایی دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەکە خراوەتەڕوو.

**گرنگیی ئەم توێژینەوە:** خۆی لەوە دەبینێتەوە، کە خوێنەر ئاشنادەکات بە شێوازی لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدانی زیندانیانی سیاسیی کورد لەلایەن بەعسییەکانەوە، هەروەها هەوڵدراوە وەک کارنامەیەکی زانستیی سیاسەتی بەعس بەرانبەر چالاکوانانی سیاسیی کورد بخاتەڕوو.

**ئامانجی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیە ئامانجی دیاریکراو ئەوەیە شێواز و ڕەفتارەکانی بەعس بەرانبەر چالاکوانانی سیاسی دەربخەین، و بگەین بەو دەرئەنجامەی بۆچی بەعسییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان زیندانیان بەکارهێناوە؟

**پرسیاری توێژینەوە:** لەم توێژینەوە هەوڵدراوە وەڵامی ئەوە بدرێتەوە، کە بەعسییەکان چ شێوازێکیان بەکارهێناوە بۆ لێکۆڵینەوە لە زیندانیی سیاسی؟ هەروەها چۆن ئەشکەنجەی زیندانیانی سیاسییان داوە، مەبەستیان لەم ئەشکەنجەدانە چی بوو؟

**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی تەواوکاری بەستراوە، ئەم میتۆدە بۆ ئەو توێژینەوانەیە کە زیاتر لە یەک میتۆد بەکاردەهێنرێت. بەهۆی ئەوەی ئەم توێژینەوەیە، وا دەخوازێت پشت بە سێ میتۆدی لێکۆڵینەوە ببەستێت کە خۆی دەبینێتەوە لە (میتۆدی شیکاری و میتۆدی مێژووی زارەکی و بەڵگەنامەیی). بۆیە ئەم میتۆدە هەڵبژێردراوە، تا بە شێوەیەکی زانستی، توێژینەوەکە ئەنجام بدرێت.

**سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:** سەرچاوەکانی ئەم توێژینەوەیە جۆراوجۆرن، بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە بیرەوەرییەکان و چاوپێکەوتن لەگەڵ زیندانیانی سیاسی بەستراوە، لەگەڵ هەندێ

بەڵگەنامەی حکومەتی عێراق و ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی (Amnesty international) و هۆماین ڕایتس ( Human Rights)، هەروەها سوود لە سەرچاوەکانی تر لە شێوەی گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب وەرگیراوە.

**ئاستنگەکان و گیروگرفتەکان:** نەبوونی سەرچاوەی تایبەتمەند لەسەر چۆنیەتیی ئەشکەنجەدانی زیندانییان لەلایەن بەعس و پەرشوبڵاویی زانیارییەکانی زیندانیانی سیاسیی کورد، جگە لەوەی زۆرینەی زیندانییەکان بیرەوەرییەکانی خۆیان نەنووسیوەتەوە، هەندێکیشیان لەژیان نەماون یان یادەوەرییەکانینان لەدەستداوە.

**سنووری توێژینەوە:** لەم توێژینەوە تەنها تیشک خراوەتە سەر زیندانیانی سیاسی. دەستگیرکراوانی ئەنفال و ڕاگواستنی هاوڵاتییان بۆ کەمپ و ناوچەکانی خوارووی عێراق نەخراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. لەهەمان کاتدا بەهۆی دەرچوون لە ڕێژەی یاسایی توێژینەوە باس لە چارەنووسی زیندانییەکان نەکراوە و بۆ توێژینەوەیەکی تر جێهێڵدراوە.

دەروازە: ڕەوشی زیندانیانی سیاسیی کورد لە عێراق لە ماوەی سالانی (١٩٦٨-١٩٧٩)

١-١ زیندانیی سیاسی ئەو کەسەیە کە هەڵگری بیروباوەڕێکە پێچەوانەی سیاسەتی دەسەڵاتە. فەرهەنگی کامبریج بەم شێوەیە پێناسەی چەمکی زیندانیی سیاسی دەکات و دەڵێ: زیندانیی سیاسی (کەسێک کە بەهۆی دەربڕینی ناڕەزایی لە حکومەتەکەی خۆی، یان بە هۆی ئەوەی سەر بە ڕێکخراوێک، ڕەگەزێک، یان گروپێکی کۆمەڵایەتییە کە لەلایەن ئەو حکومەتەوە پەسەندنەکراوە، دەخرێتەزیندانەوە) ( political prisoner, www.dictionary.camnridge.org,) هەروەها ماڵپەری (Baritannica) ئاماژە بەوە دەکات کە (زیندانیی سیاسی کەسێکە کە

زیندانی دەکرێت لە ئەنجامی ئەوەی کردەوەکانی یان بیروباوڕی ئەو کەسە پێچەوانەی بیروباوڕی دەسەڵاتە، وەک هەبوونی زیندانیی سیاسی لە هەر ناوچەیەک جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە کە دەستگیرکردنی تاکەکان لە لایەن دەسەڵاتە سیاسییەکانەوە لەبەر پێشێلکردنی یاسا کارپێکراوەکان نییە، بەڵکو لەبەر بیرکردنەوە و بیرۆکە جیاوازییەکانە لەگەڵ دەسەڵات)( Douglas J. Dallier, political , prisoner www.britannica). بەم پێوەرە هەبوونی دەنگ و بیروباوەڕی جیاواز، لەگەڵ گرووپی دەسەڵاتداران، دەبن بە هەوێنی پێکدادانی ئەم دوو لایەنە، لە ئاکامدا هێزی دەسەڵات بەهۆی باڵادەستیيان، هەوڵی کپکردنی دەنگە جیاواز و دژایەتییەکان دەدەن، زیندانیش وەک ئامرازێکی ترس و تۆقاندن بەکاردەهێنن، لەمەشەوە زیندانی سیاسی سەرهەڵدەدات.

حیزبی بەعسی عەربی سۆشیالستی دوای چەند هەوڵێکی بە دەسەڵات گەیشتن لە (٨ی شوباتی١٩٦٣) فەرمانڕەوایەتی عێراقیان گرتە دەست و تا (١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣)، لە دەسەڵات مانەوە (سلوغلت، ٢٠٠٣، ١٣٣-١٣٤)، لەوماوە کورتەی دەسەڵاتیان توندوتیژی و کوشتن و کوشتارێکیان ئەنجامدا کە لە مێژووی هاوچەرخی عێراق هاوشێوەی نەبوو. (رەسول، ژ٢، ٢٠٢١، ٥١٧-٥٦٦)، دواتر لە (١٧ی تەمموزی ١٩٦٨) بەهاوکاری هەندێ ئەفسەرە پایە بڵندەکانی سوپای عێراق لە ڕێگای کودەتایەک بەدەسەڵات گەیشتنەوە، هەر لە ٣٠ی تەمموزی هەمان ساڵ لە ڕێگای کودەتایەکی تر بەعسییەکان بوون بە خاوەنی دەسەڵاتی ڕەها (بطاطو، ١٩٩٩، ٣٨٩). دوای سەرکەوتن بەسەر نەیارە ناوخۆییەکانیان، هەوڵیاندا کێشەی کوردی چارەسەربکەن یان بەهەر جۆرێک بێت شۆڕشی ئەیلول لاواز بکەن و کۆتایی بە شەڕ بهێنن. (بۆ زانیاریی زیاتر بەگەڕێوە بۆ: سالم، ٢٠١٩، ٥٥-٦٠) بۆیە لەگەڵ بەردەوامیی شۆرشی ئەیلول گفتوگۆکانیش بەردەوام بوون لە ژێر چاودێری سەدام حوسێن و

بەیاننامەی (١١ئازاری ١٩٧٠) لێکەوتەوە (تریب، ٢٠١٣، ٢٦٠؛ سلوغلت، ٢٠٠٣، ١٧٨-١٧٩). لە دەرئەنجامدا بەیاننامەکە کۆمەڵێک دەستکەوتی گرنگی بۆ کورد تێدابوو، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی نەتەوەی کورد بەم شێوەیە بە فەرمی مافە سیاسییەکانی کورد فەراهەمبکرێت (بارزانی، ب٣، ٢٠٢٠، ٤٤). لەگەڵ ئەوەشدا زیندانیانی سیاسی لێبوردنی گشتییان بۆدەرکرا، خەڵک بەم بۆنەیەوە ئاهەنگ و دڵخۆشیی خۆی دەربڕی (ڕێباز، ٢٠٠٨، ٢٠). بەڵام حیزبی بەعس بەردەوام بوو لە گرتنی پێشمەرگە و چالاکوانانی سیاسیی کوردی ڕاپێچی زیندانەکان دەکردن. هەروەک لە کانوونی یەکەمی ١٩٧١ لە شاری کفری کۆمەڵێک کادیری پارتی دیموکراتی کوردستان (پ. د. ک) دەستگیرکران بە تۆمەتی تەقاندنەوەی هێڵی شەمەندەفەری کفری-قەرەتەپە، دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر لەسێدارەدران. لە شاری کەرکوکیش کادیرێکی تری (پ. د. ک) لە پێش چاوی کەسوکارەکەیان هەردوو چاویان دەرهێنا، دواتر کەوتنە لێدانی تا گیانی دەرچوو (بارزانی، ب٣، ٢٠٢٠، ٨٨-٩٠). لەیلا قاسم و هەڤاڵەکانی بەرجەستەترین نموونەن کە بەعس بە شێوەیەکی دڕندانە ئەشکەنجەیان داون، دواتر لە شەوی (١٣/١٢ی ئایاری ١٩٧٤) لەسێدارەدران (نەوزاد، ٢٠١١، ٣٩-٤٠)

سەرەڕای ئەوەی حیزبی شیوعی لە ساڵی ١٩٧٣ لە پاڵ بەعس چووە ناو بەرەی نیشتیمانی[1]، بەڵام بە درێژایی ساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٥ دەستکرا بە قەدەغەکردنی چالاکییە ئاشکراکانی حیزبی شیوعی عێراق، ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆریان دان. لەم نێوەندەشدا ژمارەیەکی زۆری کوردی نێو حیزبی شیوعی گرتەوە (جەلیل، ٢٠١٨، ١٩١-١٩٣) حەسەن کاکە لە بیرەوەرییەکانی هێڵ بەژێر ئەو ڕاستییە دەنێت، کە حیزبی بەعس بەئاشکرا و نهێنی کەوتبووە ڕاونان و گرتن و کوشتنی ئەندامانی حیزبی شیوعی، ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەر و پلەدارە سەربازییەکانی حیزب دەستگیرکران و لەناوبردران (شەوڕۆ، ٢٠١٥، ٨٠).

لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٥-١٩٧٩) زیندانەکانی بەعس پڕکرانەوە لە چالاکوانە سیاسییەکان، کە جۆرەها شێوازی ئەشکەنجەدانیان لەسەر تاقیدەکرایەوە، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی تەمەن و ڕەگەز و لایەنگریی سیاسی بۆ پارتە کوردییەکان لەبەرچاوبگرن. هەروەها حکومەتی عێراق بۆ سەپاندنی دەسەڵات و دروستکردنی ترس لای خەڵک دەستیکرد بە هەڵمەتی دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدانی کەس و کاری پێشمەرگە (حەمەد، ٢٠١٩، ٣٤). لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ هەریەکە لە (شەهاب نوری سالح و ئەنوەر زۆراب و جەعفەر  عەبدولواحید) و کۆمەڵێک ئەندامی دیکەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کەوتنە دەست بەعس، بەعسییەکان جۆرەها شێوازی ئەشکەنجەدانیان بەرانبەر بەکارهێنان، بۆئەوەی ناچاریان بکەن، دان بە ئەنجامدانی کاری سیاسییان بنێن، بەڵام ئەوان خۆڕاگربوون و هیچ زانیارییەکیان لەسەر کاری سیاسی و شانە نهێنییەکان نەدرکاند، دوای دادگاییکردنیان بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو (عەبدولقادر، ٢٠٢٠، ٢٤٨-٢٨٤)، کاتێکیش لە زیندانی ئاسایشی گشتی و فەزیلییە زیندانیکراون ژیان و گوزەرانیان خراپ بووە و هیچ خزمەتگوزارییەکی تیادا نەبووە، زیندانەکان زۆر پیس و تەنگ بوون (ئیسماعیل، ٢٠٠٢، ٦٠-٧٠).

لەم دەستگیرکردنەدا ئافرەتانیش بەدوورنەبوون، ئەوەتا لەساڵی ١٩٧٦ لە شاری کەرکوک (فاتیمە مینا بایز) سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی دەستگیرکراون، بە تاوانی ئەوەی کوڕەکەی پێشمەرگە بووە، ئەم ئافرەتە منداڵی بچووکی لەگەڵ بووە، گوزەرانیان لەناو زیندان زۆر سەخت بووە، سەرەڕای ئەوەی بۆ زیندانی بەسرا دووریان خستۆتەوە (محەمەد، محەمەد، ٢٠١٣، ٢٨٦-٢٩١). هەروەها ژمارەیەکی زۆری کەسوکاری پێشمەرگە دەستگیرکران و دوورخرانەوە بۆ خوارووی عێراق (محمد، ٢٠٢٢/٨/١٧، چاوپێکەوتن). سەید قادر جەباری لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژە بۆ ئەو جۆرە ئازار و ئەشکەنجەیە دەکات کە بە دەستی بەعسییەکان لە

ساڵی ١٩٧٧ لە هەیئەی کەرکوک چەشتی، باس لەوە دەکات کە نینۆکەکانی دەرهێنراون و سەراوژێر هەڵواسراوە، پشیلەی دڕندە لە گیانی زیندانییەکان بەردراوە، بە ڕووتی درێژ کراوە لەسەر تەختەی پڕ لە بزمار (جەباری، ٢٠٠١، ٣٧-٧٠). بەپێی ڕاپۆرتەکانی حکومەتی عێراق تەنها لەنێوان مانگی ئازار و تەموزی ١٩٧٧ نزیکەی (١٣٠) بەرهەڵستکاری کورد سزای زیندانیکردن و لەسێدارەدانیان بەسەر سەپێنراوە، لەنێو ئەو سزادراوانەش ژمارەیەک ئافرەت و منداڵ هەبوونە (عبدالرحمن، ١٩٩١، ١٣).

بەهۆی کاریگەری و ئەشکەنجەی نامرۆڤانەی بەعسییەکان، هەندێ زیندانی لەژێر ئەشکەنجە گیانیانلەدەستدەدا (ڕێباز، ٢٠٠٨، ٦٦)، ئەمانە و چەندین شێوازی تری ئەشکەنجەدانیان بەرانبەر بە زیندانییەکان بەکارهێنراوە. بەپێی هەواڵێکی ژمارە یەکی گۆڤاری کۆمەڵە کە لە پایزی ١٩٧٨ بڵاوکراوەتەوە، لە مانگی ئابی ئەو ساڵەدا، تەنها لە زیندانی موسڵ و ئەبوغرێب (٥٥) چالاکوانی سیاسی لەسێدارەدراون ( کۆمەڵە، خولی یەکەم، ژ١، ١٩٧٨، ٢١).

باسی یەکەم: شێوازەکانی دەستگیرکردن و لێکۆڵینەوە لەلایەن بەعسییەکان(١٩٧٩-١٩٩١)

دەسەڵاتدارانی عێراق، بە تایبەتی لە سەردەمی سەدام حوسێندا، کۆمەڵێک دامودەزگای ئاسایش و سەربازیی جۆراوجۆری هەبوو، کە چاودێر بوون بەسەر سەرجەم کایەکانی ژیان، تاکی عێراقی ئازادییەکانی بە تەواوی لێ زەوتکرابوو، هەر هەنگاوێکیان بهاوێشتبایە ئەوا لای دامودەزگا سەرکوتکەرەکان ئاشکرا دەبوون. بەهۆی قەدەغەکردنی کاری سیاسی لەنێو عێراقدا، جگە لە کارکردن لەگەڵ حیزبی بەعس، هەمیشە چالاکوانە بەرهەڵستکارە بەعسییەکان دەکەوتنە ناو تۆڕی چاودێری، سەرەنجام زیندان دەبوو بە شوێن و مەنزڵگەیان.

## ١- شێوازەکانی چاودێری و دەستگیرکردن

بەکارهێنانی توندوتیژی لە سەردەمی سەدامدا، زۆر ڕێکخراو بوو، توندوتیژی ئامێرێک بوو بە دەست حکوومەتەوە، بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە. پەیامی بەعس زۆر ڕوون و ئاشکرابوو، هەر کەسێک بەرهەڵستی یاخود دژایەتی بکردبایە، ئەوا مامەڵەیەکی زۆر دڵڕەقانەی بەرانبەر دەکرا، چارەنووسیان زیندان، ئەشکەنجەدان و لەسێدارەدان بوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی زۆرینەی خەڵکی دژایەتینەکردنی بەعس هەڵبژێرن، لەپێناو پارێزگاریکردن لە ژیان و کەرامەتیان (ئەندەرسن، ستانسفیڵد، ٢٠٠٨، ١٢٠؛ ساسون، ٢٠١٥، ٣٧٤). حیزبی بەعس دەسەڵات و هەژموونی خۆی بە تەواوی لەناو عێراق بڵاوکردبووەوە، حیزب ببوو بە ڕێکخراوێکی پۆلیسی، و لە ڕێگای ئەندامەکانی تۆڕێکی وردی سیخوڕی و کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە چالاکیی دراوسێکان و گەڕەک و هاوڕێ و هاوپیشەکانی دامەزراندبوو، هەموو جموجۆڵێکی گەورە و بچووک بنکەکانی ئەمن و ئیستخباراتی لێی ئاگادار دەکرایەوە (عیسا، ٢٠٠٤، ١٠٠).

تێبینی دەکرێت یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٩-١٩٩١) گۆڕانکاریی شێوازی خەبات بوو، کە تەنها چالاکی دژی بەعس لە شاخ قەتیس نەکرابوو، بەڵکو چالاکییەکان گواسترانەوە بۆ ناو شار لە ڕێگای ڕێکخستن و شانە نهێنییەکانی ناو شار هێرشی چەکداری دەکرایە سەر دامودەزگاکانی بەعس. بەم چالاکییانە کۆمەڵێک کەسایەتی پایە بەرزی بەعس و جاش دەکوژران (حەمەدئەمین، ٢٠١٦، ٣٧). لەگەڵ ئەوەشدا ئەم گۆڕانکارییە لە شێوازی خەبات، هۆکارێک بوون کە ژمارەیەک چالاکوان بکەونە دەست بەعس و بخرێنە زیندان.

ئەوانەی لە دامودەزگا سەربازییەکان و ئاسایش و سیخورییەکان لە کوردستان کاریاندەکرد، شێوازی مامەڵەیان لەگەڵ دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان زۆر دڕندانە و بێبەزەییانە بوو، هەرکاتێ گومانیان لە هەر کەسێک بکردایە، کە لە بەرەی دژایەتی بەعس کاردەکات، دەستبەجێ دەستگیردەکرا، بەبێ ئەوەی گوێ بە ڕەگەز و تەمەن بدەن کردارەکەیان ئەنجامدەدا (تەیب، ٢٠١٢، ١٨٧). بەپێی بەڵگەنامەیەکی ئەمنیی گشتی کە بۆ ئەمنی پارێزگای هەولێر نێردراوە، فرمان بە ئەفسەرەکان دەکات کە شارەزایی تەواو لەسەر مێژووی پارتە سیاسییەکانی دژی حیزبی بەعس بەدەستبهێنن و لەکاتی لێکۆڵینەوە و پرسیارکردن لە دەستگیرکراوەکانی ئەو پارتانە شارەزایی تەواویان لەسەر گەشەی دەرکەوتنیان هەبێ (الامن العامه، مديرية امن محافظة اربيل، العدد/ش.س١٣٢٩٥/١، التاريخ١٩٨٧/١٠/١٥). ئامانجی بەعس لەم سیاسەتە بەدەستهێنانی زۆرترین زانیاری بوو بۆئەوەی سەرجەم کایە سیاسییەکان چاودێرییان بە سەرەوە بێت.

بەعسییەکان بۆ دەستگیرکردنی گومان لێکراوان گوێیان بە کات نەدەدا، هەڵکوتانە سەر چالاکوانە سیاسییەکان شەو و ڕۆژی نەبوو، بەڵکو هەرکاتێک مەبەستیان بووایە ئەرکەکەیان بە ئەنجام دەگەیاند. زۆرترین جار لەنیوە شەو هەڵیاندەکوتایە سەر شوێنی گومانلێکراوەکە. ئەم شێوازە و ڕەفتارەی بەعس هەستێکی ترسناکی بۆ کەس و کاری گیراوەکە دروستدەکرد (دارتاش، ٢٠٢١، ٩٧-٩٩؛ علی، ٢٠١٩، ٩١-٩٣). لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام چاودێری بەسەر گومانلێکراون دەکرا بۆئەم مەبەستە سوودیان لە شێوازی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی تایبەت و تەکسی و پۆشینی جلوبەرگی ئاسایی وەردەگرت بۆ ئەوەی بەنهێنی کارەکەیان ئەنجامبدەن، دەستگیرکراوەکە بێ ئەوەی ڕێگای پێبدرێ جلوبەرگ و پێداویستی لەگەڵ خۆی ببات، دەستگیر دەکرا و ڕاپێچی زیندان دەکرا (شاکەلی، ٢٠٠١، ١١؛ کۆیی، ٢٠٢٢/٨/١٤، چاوپێکەوتن). بەکارهێنانی ئافرەت بۆ چاودێریکردن و

بەدەستهێنانی زانیاری یەکێکی تر بوو لە شێوازەکانی بەعس بۆ دەستگیرکردنی چالاکوانە سیاسییەکان، هەروەک زیندانییەک باس لەوەدەکات کاتێ دەستگیرکرا، پیاو و ئافرەتێکی هاوگەڕەکی هۆکاربوون بۆ ئاشکراکردنی (علی، ٢٠١٩، ٩٦)، لە هەمانکاتدا شوێنی کار و پیشەی دەستگیرکراوی سیاسی بەردەوام لەژێر چاودێریدا بوو، بۆئەوەی ئەوانەش دەستگیربکەن کە هاموشۆی بەردەوامی شوێنەکەی دەکەن. هەروەکو (سیروانی بەکر دارتاش) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دوای دەستگیرکردنی باوکی ئەمنەکان ڕۆژانە دووکانی باوکیان دەکردەوە، بۆ ئەوەی هاوڕێیەکانی دەستگیر بکەن کە پێشتر پەیوەندیان لەگەڵ هەبووە (بەکردارتاش، ٢٠٢١، ٦٥).

ڕێکخستن و شانە نهێنیەکانی ناو شار ڕۆلێکی دیاریان هەبووە لە بەرەنگاربوونەوەی حیزبی بەعس، کاریگەریی گەورەیان لەسەر جۆشدانی هەستی دژایەتیکردنی بەعس دانابوو. بەعس بۆ ئەوەی ئەو گروپانە ئاشکرابکات، چەندین شێوازی جۆراوجۆری بەکارهێناوە، لە کاریگەریترینیان کڕینی هەندێ لە کەسایەتییەکانی نێو ئەو گروپ و ڕێکخستنانە بوون، ئەمانەش بەردەوام چاودێرییان بەسەر هاوڕێیەکانیان دەکرد، زۆرجار هەوڵەکانیان سەرکەوتنیان بەدەستدەهێنا و هاوڕێیەکانیان بەگرتن دەدا (بەرانەتی، ٢٠١٩، ١٠١-١٠٣؛ قادر، ٢٠٢٢/٨/١٤، چاوپێکەوتن)، یان لەکاتی ئەنجامدانی چالاکی، شوێنیان ئاشکرادەبوو. ئەمەش دەبووە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لەگەڵ ئەمنەکان لە ئاکامدا هەندێ چالاکوان بەخۆیان و چەکەکانیان دەستگیردەکران (سەرحان، ٢٠٢٢/٨/٩، چاوپێکەوتن).

سوپای میللی کە لای خەڵک ناو دەبرا (جاش[٢]) ڕۆڵێکی خراپیان بینی لە هاوکاریکردنی دامودەزگاکانی بەعس بۆ دەستگیرکردنی پێشمەرگە و چالاکوانانی سیاسی (ئەمین، ١٩٩٩، ٣٠؛ دیبەگی، ٢٠١١، ٣١٧) ژمارەیەکی

بەرچاو لە زیندانیکراونی سیاسی لە ئەنجامی ئەم هەڵوێستەی جاشەکان دەستگیرکران، ئەمەش لە پێناو ئەوە بوو هەندێ دەستکەوتی ماددی و خۆبردنە پێشیان بەدەستبهێنن، بۆیە کاتێک چالاکوانی سیاسی و پێشمەرگەیان نەدەکەوتنە دەست، هاووڵاتی ئاساییان دەستگیردەکرد و بە پێشمەرگە لەقەڵەمیاندەدا (مەنگوڕی، ١٩٩٦، ٣٨)، بەڵام هەندێ لە جاشەکان [لە سنوورێکی دیاریکراو] ڕۆلیان هەبووە لە هاوکاریکردن و پاراستنی گیانی پێشمەرگە و ئازادکردنی هەندێ گیراوی سیاسی و هاووڵاتییان لە دەستی دامودەزگاکانی بەعس (نێروەیی، ٢٠٠٨، ٣٧٣).

کاتێ هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق ڕووبەڕووی یەکتر دەبوونەوە، ئەوکاتەی سوپای عێراق باڵادەست دەبوو، ژمارەیەک لە پێشمەرگە دەکەوتنە دەست سوپای عێراق، ئیتر ئەو دیلانە دەبردرانە زیندان و جۆرەها شێوازی ئەشکەنجەیان بەرانبەر بەکاردەهێنان بۆ ئەوەی زانیاری لەسەر شوێن و کار و چالاکیی پێشمەرگە و ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناوشار بدرکێنن (محمد، ٢٠١٥، ٣٥٣)، بەبێ ئەوەی گوێ بە بنەماکانی پاراستنی مافی دیل بدرێ، زۆرجار دیلەکانیان دەکوشت. بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی (لێبوردنی نێودەوڵەتی- Amnesty international)، سێ پێشمەرگەی بریندار لە نیسانی ١٩٨٥ دەکەونە دەست هێزەکانی عێراق، دواتر بێگوێدانە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر لەسێدارەدەدرێن ( Amnesty international,23April 1987,5.). و بەهۆی شکستی بەرانبەر هێزی پێشمەرگە، حکومەتی عێراق پەنای دەبردە بەر بەکارهێنانی سیاسەتی بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن لەناو شار و دێهاتە کوردییەکان و دەستیدەکرد بە شاڵاوی ڕەشبگیری و قەدەغەی هاتوچۆ، بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٨٥ لە شاری سلێمانی و کەرکوک ئەنجامدرا، بەم ڕەفتارەشی زیندانەکان پڕکران لە کەسانی بێتاوان، جۆرەها لێدان و ئەشکەنجە و کاری نامرۆڤایەتیان بەرانبەر بەکاردەهێنان و چەندین هاووڵاتی لەژێر

ئەشکەنجە گیانیانلەدەستدا (ڕزگاری، ژ٣، ١٩٨٥؛ حەمەد، ٢٠١٩، ٢١٨). و لە ١٧و١٨ی هەمان مانگ لە شاری هەولێر (٥٠٠) کەس دەستگیرکران (نێروەیی، ٢٠١٠، ٢١٥). هەروەها لە کۆتایی ئازاری ١٩٨٦ لەشاری هەولێر چەندین هاوولاتی و خوێنکار دەستگیرکران بە بیانووی هێرش کردنە سەر پارێزگاری هەولێر، بەعسییەکان لە تۆڵەی ئەمە چەند هاوولاتییەکیان گوللەباران کرد، بێ ئەوەی ئەو هاوولاتییانە دەستیان لەم هێرشە هەبووبێ و چارەنوسی هەندێکیان بە نادیاری مایەوە ( Amnesty .(international,14April 1989,28.

قەدەغەکردنی کاری سیاسی لە عێراق، بووە هۆی ئەوەی چاودێریی چڕ بخرێتە سەر کار و چالاکی سیاسی، بۆیە هەرچالاکییەکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەری سیمایەکی سیاسی بەخۆیەوە نواندبووایە، دەکەوتە نێو چالاکییە قەدەغەکراوەکان (مستەفا، ٢٠١٨، ٤٦). تێبینی دەکرێ کۆمەڵێ چالاکوانی سیاسی کەوتونەتە دەست دامودەزگا سەربازییەکانی بەعس بەهۆی هەبوونی وێنەی سەرکردە بەرهەڵستکار و تۆماری سروودی نیشتمانی و بڵاوکراوەکان، هەر کەسێ ئەمانەی پێگیرابوایە دەخرایە زیندان و ئەشکەنجەیەکی زۆر دەدران لەسەری (کێستەیی، ٢٠١٨، ٧؛ ساڵح، ٢٠١٨، ٧٤). (مەهاباد قەرداغی) تەنها لەسەر تێنووسێک دەستگیرا کرا، کە هەندێ ڕووداوی تێدا تۆمارکردبوو، بەهۆیەوە، ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆری چەشت و زیاتر لە ساڵێک لە زیندان بوو (قەرەداغی، ٢٠٠٥، ١٧-١٨).

هەندێکجار خودی حیزبە کوردییەکان ڕۆلیان هەبووە لە ئاشکراکردنی ئەندامە نهێنییەکانی خۆیان. لەوانە یەکێتی نیشتمانی کوردستان کاتێ کەوتە گفتوگۆکردن لەگەڵ بەعس لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٣-١٩٨٥) بەهۆی ئەو ئاگربەستەی لەنێوانیان هەبوو، پەیوەندییەکان تاڕادەیەک ئاسایی ببوونەوە، چالاکی دژی یەکتر ڕاگیرابوو، ئەمەش

وایکرد هەندێ لە شانە نهێنییەکان و پێشمەرگەکان خۆیان ئاشکرا بکەن، کەچی حیزبی بەعس بە وردی کەوتە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەندامان و لایەنگیرانی یەکێتی، بۆیە دوای سەرنەکەوتنی گفتوگۆکان ژمارەیەکی زۆر لە چالاکوانە سیاسییەکان کەوتنە ناو تەڵەی بەعس و خرانە زیندانەکان (کارەساتی مەنعی تەجەولی ١٩٨٥ی شاری سلێمانی، ٢٠٠٢، ١٦)

بۆئەوەی پاڵەپەستۆ بخەنە سەر چالاکوانی سیاسی و پێشمەرگە، بەعسییەکان هەڵدەستان بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی دەستگیرکردنی کەسوکاری پێشمەرگە، یان زیندانیدەکردن یان لە زێدی خۆیانیان دووردەخستنەوە و لە ناوچەکانی ژێردەستی خۆیان بڵاوەیانپێدەکردن (گوڵ، ٢٠١٠، ٦٣). هەر لە درێژەی ئەم سیاسەتەدا حکومەتی عێراق لە کۆتاییەکانی تەموزی ١٩٨٥ دەستیکرد بە ئەنجامدانی ئامارێکی نهێنی لەسەر کەسوکاری پێشمەرگە و بڕیاریدا دەست بگرێت بەسەر سەروەت و سامانی ڕاگوێزراو و ڕانەگوێزراوی پێشمەرگە (نێروەیی، ٢٠٠٨، ٣٨٧-٣٨٨) بە پێی بەڵگەنامەیەکی بەڕێوبەرایەتیی ئەمنی عامە، کە لە مانگی ئایاری١٩٨٧ دەرکراوە، دەست بەسەر کەسوکاری چوار لە پێشمەرگە گیراوە کە نزیکەی ٣٠ کەس دەبوون (مدرية الامن العامة، الموضوع حجز عوائل، التاريخ ١٩٨٧/٥/١٠). لە هەمانکاتدا ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆری کەسوکاری پێشمەرگە دەدرا، زۆرجار ئاکامەکەی گیانلەدەستدانی کەسوکاری پێشمەرگەی لێدەکەوتەوە (ڕزگاری، ژ٦، ١٩٨٦، ١). هەڵبەتە ئەوانەی دەهاتنەوە ژێر دەسەڵاتی بەعس بە شێوەیەکی ورد چاودێرییان بەسەرەوە دەکرا. بەپێی بەڵگەنامەیەکی نهێنیی حیزبی بەعس ئاماژە بۆ چاودێریی ورد بەسەر ئەوانەی گەڕاونەتەوە ژێردەستی حکومەتی عێراق دەکات، داوا لە ئەفسەرەکان دەکات کە ناوی سەرجەم گەڕاوەکان تۆماربکرێن و جموجۆڵەکانیان بخرێنە ژێر چاودێری (الامن العامە، مديرية امن محافظة اربيل، العدد/ش.س١/١٣٢٩٥، التاريخ١٩٨٧/١٠/١٥).

کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەنێوان بنەماڵە و دژایەتییە تاکەکەسییەکان، زۆرجار هۆکارێک بوون بۆ ئەوەی کار و چالاکیی سیاسی و یارمەتییەکان بۆ پێشمەرگە ئاشکرابکرێن، ئەمەش بە جۆرێک بوو کاتێ ناکۆکییەک دروستدەبوو لەنێوان بنەماڵەکان، لایەنێک بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆیان لەلایەنی بەرانبەر بکەنەوە هەڵدەستان بە ناوهێنان و نیشاندانی شوێن و چالاکی کەسەکە (مستەفا، ٢٠٢٢/٨/١٧، چاوپێکەوتن). ئەم کێشە کۆمەڵایەتییانە هۆکارێک بوون کە هەندێ لە چالاکوانانی سیاسی و پێشمەرگە چارەنوسیان دەستگیرکردن بێت.

ئەو شێوازە بەربڵاوەی دەستگیرکردن و زیندانیکرنی چالاکوانی سیاسی لای بەعس، لەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە کاری سیاسی، جگە بۆ بەعس بۆ سەرجەم لایەنەکانی تر قەدەغەکرابوو، هەر کەس لە دەرەوەی حیزبی بەعس کاری سیاسی کردبووایە ئەوا بە توندترین شێوە سزا دەدرا، ئیتر لایەنە کوردییەکانیش بۆ پارێزگاریکردن لە شوناسی نەتەوەیی و سیاسییان کەوتەنە خەباتی نهێنیی ناوشار و چەکداری لە شاخەکانی کوردستان.

## ٢- شێوازەکانی لێکۆڵینەوە و وەرگرتنی زانیاری

بۆ وەرگرتنی زانیاری لە دەستگیرکراوەکان بەعس کۆمەڵێک شێوازی جۆراوجۆری بەکاردەهێنا. بە گەیشتنی سەدام بە ترۆپکی دەسەڵات، ئەم شێوازانە زیاتر گرنگیان پێدرا، بە جۆرێک بۆ برەودان بەم کردارە سوود لە ئەزموونی وڵاتانی دەرەکی وەردەگیرا. بۆ ئەمەش عێراق سوودێکی زۆری لە یەکێتیی سۆڤیەت و ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بینی، بە جۆرێک هاوردەکردنی شێوازەکانی سیخوڕی و ئەشکەنجەدان پێش هاوردەکردنی بەرهەم و سەرچاوەکانی تر کەوتبوو. ئەشکەنجەدەرە پسپۆڕەکان بە شێوەیەکی تایبەت ڕاهێنران لەسەر تەکنیکەکانی ئەشکەنجەدان بە چوون

بۆ خول بۆ ئەو وڵاتانە یان وانەبێژی پسپۆڕ دەهێنرانە عێراق (Al-hilli,2008,31).

دەسەڵاتدارانی بەعس ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی بە شێوەیەکی بەرفراوان بەرانبەر زیندانییە سیاسییەکان بەکاردەهێنا، تا زیندانییەکان ناچاربکەن زانیاری لەسەر هێزە بەرهەڵستکارەکان و ڕێکخستنە نهێنییەکان و کاروچالاکییان بدەن. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگا بە هیچ ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی مرۆڤ دۆستی نەدەدرا تاکوو سەردانی زیندانەکان و بە تایبەتی زیندانە نهێنییەکان بکەن، چونکە لەم زیندانانەدا بە خەراپترین شێوە و کەرستەی جۆراوجۆر ئەشکەنجەی زیندانییەکان دەدرا (مستەفا، ٢٠١٨، ٩٩؛ Al-hilli,2008,27). ژووری لێکۆڵینەوە بە شێوازێک ڕێکخرابوو، زیندانی هەر بە بینینی تووشی ترسێکی زۆر دەبوو، ژوورەکان پڕبوون لە ئامێر و کەرستەکانی ئەشکەنجەدان، بنمیچی ژوورەکان چەند ئەلقەیەکی ئاسنینی لێگیرکرابوو، ژوورەکان تاریک و بێ پەنجەرە بوون، سام و ترسێکی زۆری بە زیندانییەکان دەبەخشی (دارتاش، ٢٠٢١، ١٢٣).

شێوازێکی دیکەی لێکۆڵینەوە و وەرگرتنی زانیاری، بریتیبوو لە ئازاردان و بێبەهاکردنی سیاسییەکان، بە جۆرێک ئەشکەنجەی بەردەوام دەدران، لەنێو زیندانەدا کام شوێن لە هەموویان خراپتربووە لەوێدا زیندانی دەکران، دواتریش لەکاتی لێکۆڵینەوە هەوڵیانداوە ڕازی بکەن بۆ ئەوەی کارییان لەگەڵ بکات. (مەحمود مەلا عززەت) لە بیرەوەرییەکانیدا هێما بۆ ئەو زانیارییانە دەکات کە دوای ئەشکەنجەدانی، ماوەیەک پشوویان پێدەدا، دواتر هانیانداوە کاری حیزبی لەگەڵ بەعس بکات، ویستوویانە کاریگەری لەسەر دەروونی دابنێن، بۆیە هەمیشە ئەوەیان پێوتووە کە هاوڕێیەکانی(٣) چۆن لەپاڵ بەعسدا، ژیانێکی شاهانە هەیە، پلەوپایە و دەستکەوتی ماددی زۆریان پێشکەش کراوە (عزت، ٢٠٠٠، ٧٢).

سیاسەتی بەعسییەکان لەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە مرۆڤ لەنێو ئازار و ئەشکەنجەدا، بەرگری لاواز دەبێت و مەیلی خۆبەدەستەوەدانی زیاتر دەبێت.

بەعسییەکان بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵ گیراوەکان شێوازی جۆراوجۆریان بەکاردەهێنا، لەگەڵ هەندێ زیندانی سەرەتا سیاسەتی نەرمونیانیان لەگەڵیان پەیڕەودەکردن، هەوڵیاندەدا سەرنجی گیراوەکە بەلای خۆیان ڕابکێشن، لەگەڵ ئەوەشدا زانیاریی چالاکی و ناوی هەندێ هاوڕێیانیان پێ دەوتن کە بەلای گیراوەکان جێگای سەرسوڕمان و هەڵوێستە لەسەرکردن بوو. بۆیە لەو کاتەدا گیراوەکە جۆرێک لە گومان و دڵەڕاوکێی بۆ دروستدەبوو (قەرەداغی، ٢٠٠٨، ٢٦-٢٧؛ بۆسکێنی، ٢٠٠٩، ٢٨)، و ئەوانەی لەگەڵ یەکتر دەستگیردەکران، تا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ تەواو نەبووایە ڕێگایان نەدەدا یەکتر ببینن و بەجیا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرا، هەمیشە پێیان دەوتن هاوڕێیەکەت دانی بەهەموو شتێک ناوە، تۆش دان بنێ بۆ ئەوەی چیتر ئازار نەدرێیت ( تیلەری، ٢٠٠٢، ٥٠؛ سۆڵەیی، ٢٠٠٤ ، ٥٣). ئەمە تەنها شێوازێکی فێڵاویی خۆیان بوو بۆ ئەوەی زانیاری لە زیندانییەکان بەدەستبهێنن.

یەکێکی دی لە شێوازەکانی لێکۆڵینەوە و بەدەستهێنانی زانیاری لە زیندانییانی سیاسی بریتیبوو لە دانانی سیخوڕ لەناو زیندان، ئەم سیخوڕانە پیاوی خۆیان بوون بۆ دەستکەوتێکی کەم خۆیان بە بەعس فرۆشتبوو، ئەمانە هەمیشە خۆیان لە زیندانییەکان نزیک دەکردەوە بۆ ئەوەی قسەیان لێوەربگرن، یان کاتێ زیندانییەکە لە ئەشکەنجەدان دەگەڕایەوە دەچوونە لای ورەیان تێکدەشکاند داوایان لێدەکرد چیتر خۆی تووشی ئازار ئەشکەنجەدان نەکات و دان بە شتەکان بنێت (عزت، ٢٠٠٠، ٩٩-١٦٦؛ قەرەداغی٢٠٠٨، ١٠٧-١٢١) ئەم ڕەفتارەی سیخورەکان کاریگەریی لەسەر زیندانییەکان هەبوو، هەندێ زیندانی بەهۆی

نەشارەزاییانەوە دەکەوتنە داوی سیخوڕەکان و ئاکامەکەی بە لەسێدارەدان کۆتایی دەهات. (عەبدولکەریم، ٢٠٢٠، ٩٧) بۆیە کاتێک زیندانیکراوێکی نوێ دەهات هیچ کامیان متمانەیان بەیەکتر نەدەکرد، دوای ماوەک کە تێکەڵی یەکتر دەبوون، ئینجا گفتوگۆی ئازادیان لەگەڵ یەکتر دەکرد. (شەوڕۆ، ٢٠١٥، ١٣١؛ یوسف، ٢٠٢٢/٨/١٥، چاوپێکەوتن).

هەڕەشەکردن لە زیندانیکراوەکان بە هێنانی خێزان و بنەماڵەکەی یەکێک بوو لە هەنگاوەکانی بەعس بۆ بەدەستخستنی زانیاری، لەلای ئەفسەر و پۆلیسەکان پەیڕەوی لێدەکرا (قەرەداغی، ٢٠٠٨، ٩٤؛ شەوڕۆ، ٢٠١٥، ٩٩) بۆیە هەندێجار زیندانی لەژێر هەرەشەی دەستدرێژی بۆسەر خوشک و دایک و هاوسەر ناچار دەبوون، دان بە چالاکییەکانی بنێت لە پێناو پاراستنی شەرەف و ناموسی (جلال، ٢٠٠٥، ٤٠-٤١)، کاتێک کەسێک دانپێدانانی لەسەر دەکرا، ئەوا بە توندترین شێواز ئەشکەنجەیان دەدا بۆ ئەوەی ئەویش ناچار بکەن ئەوەی ئەوان دەیانەوێت دانی پێبنێت (سۆڵەیی، ٢٠٠٤، ٦١). زیندانییەکان لەژێر ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر هەوڵدراوە دانپێنان (اعتراف) بە تاوانە هەڵبەستراوەکان بنێن، ئەوان پەڕاوی ئامادەکراویان دەخستە بەردەم زیندانییەکە بۆ ئەوەی واژووی لەسەر بکات، یان وتەکانی لەبەردەم کامێرا تۆماردەکرا، هەر زیندانییەکە واژووی نەکردبا دووبارە چارەنووسی ئەشکەنجەدان بوو (علی، ٢٠١٩، ١٦٥).

دەستگیرکردنی کەسوکاری زیندانییەکان و ئەشکەنجەدانی لەپێش چاوی زیندانییەکە، هەوڵێک بوو بۆئەوەی زیندانییەکە ناچار بکەن دان بە کاری سیاسیی خۆی بنێت(بابان، ٢٠٠٢، ٥٢). زیندانییەک لە بیرەوەرییەکانی هێما بۆ ئەوەدەکات دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر، باوک و خوشکە (١٤) ساڵانەکەی هێنراوە بۆ ژووری ئەشکەنجەدان، باوکیان لەپێش چاوی ئەو هەڵواسیوە و ئازارێکی زۆریان داوە، و هەڕەشەی

دەستدرێژیی سێکسیان لە خوشکەکەی کردووە، بۆیە ناچاربووە هەندێ زانیاری بدرکێنێت (جلال، ٢٠٠٥، ٣٢-٣٣).

## باسی دووەم: شێوازەکانی ئەشکەنجەدان (١٩٧٩-١٩٩١)

بەعسییەکان بۆ ناچارکردنی زیندانییە سیاسییەکان بە درکاندنی زانیاری لەسەر کار و چالاکی و شوێنی هاوکارەکانیان، کۆمەڵێک شێوازی ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونییان بەرانبەر بەکارهێنان، ئەمەش دەرئەنجامی سەختی بەسەر لایەنی جەستەیی و دەروونی زیندانییەکان جێهێشت، هەندێکیان لەژێر ئەشکەنجە گیانیانلەدەستدا یان بەشێکی جەستەیان لەدەستدەدا.

### ١- ئەشکەنجەدانی جەستەیی

زیندانیانی سیاسی لە عێراق ڕووبەڕووی دڕندەترین شێوازەکانی ئەشکەنجەدان و لێپرسینەوە دەبوونەوە و سەختترین جۆری ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی دەدران، بە مەبەستی لێوەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەو تۆمەتانەی بۆی هەڵبەسترابوو، بۆیە دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر ناچاریان دەکردن بە واژووکردنی پەڕاوی لێکۆڵینەوە (رائف، ١٩٩٠، ٣٤).

زیندانیکراو لە کاتی لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدان هەنگاو بە هەنگاو شێوازەکانی ئەشکەنجەدانی لەسەر تاقیدەکرایەوە تا دەگەیشتن بە مەبەستەکانیان. هەنگاوی یەکەم لێدان بوو لە سەرجەم بەشەکانی جەستە، هەڵبەتە ئەم کارە چەند کەسێک تیایدا بەشدارییان دەکرد، بۆئەوەی لەکاتی ماندوبوون یارمەتی یەکتر بدەن (العباسي، ١٩٨٤، ١٥٩؛ شەوڕۆ، ٢٠١٥، ٩٦؛ کێستەیی، ٢٠١٨، ١-٢)، زیندانی هەبوو بۆ ماوەی (٣٥) ڕۆژ لەسەریەک ئەشکەنجەیان دەدا تا ناچاری بکەن زانیاری بدرکێنێت (مستەفا، ٢٠٢٢/٨/١٧، چاوپێکەوتن)، و هەر لەگەڵ بردنیان بۆ زیندان

چاویان دەبەسترا، زۆرجار بێ ئەوەی لێکۆڵینەوە یان یەک پرسیاریان لێبکرێت، بە توندترین شێوە ئازار و ئەشکەنجەیان دەدان (کۆمەڵە، خولی دووەم، ژ٣، ١٩٨٢، ٤٦).

ئامرازەکانی ئەشکەنجەدان جۆراوجۆر بوون، سۆندە و کێبل و قایش و کۆمەڵێ ئامرازی تر بەکاردەهێنرا. (رائف، ١٩٩٠، ٣٤؛ Al-hilli,2008,29) لە کاتی ئەشکەنجەدانیش زیندانیکراوەکان ڕووتدەکرانەوە بۆئەوەی ئازاری زیاتر بە جەستەیان بگات، ئیتر شوێنێکی ساخ لە جەستەی زیندانی نەدەما کە ئازار نەدرابێت، ئەشکەنجەدانەکەش کاتێکی زۆری دەخایاند، زۆرجار دەستیان هەڵنەدەگرت تا زیندانیکراوەکە بێهۆش دەبوو (بۆسکێنی، ٢٠٠٩، ٢٧؛ سۆڵەیی، ٢٠١٠، ٤٣).

بە گشتی ئەشکەنجەکان زۆر سەخت بوون، بە تایبەتی کرداری هەڵواسین، کە بەچەند جۆرێک کردارەکە ئەنجامدەدرا. یەکێک لە جۆرەکانی هەڵواسین بریتیبوو لە بەستنەوەی دەستەکانی زیندانییەکە لەدواوە و ئینجا بۆ ماوەیەکی درێژخایەن هەڵیاندەواسی، ئەم جۆرە ئەشکەنجەدانە ئازارێکی سەختی بە زیندانییەکان دەگەیاند زۆرجار ئاکامەکەی دەرهاتنی قۆڵ دەبوو (کۆمەڵە، خولی دووەم، ژ٣، ١٩٨٢، ٤٧؛ حمدامین، ٢٠٢٢/٨/١٥، چاوپێکەوتن). جۆرێکی تری هەڵواسین بریتیبوو لە بەستنەوەی هەردوو باڵەکانی، ئینجا پەتەکەیان بەرزدەکردەوە تا ئەو ئاستەی پێیەکانی کەمێک زەوی دەگرت، هەڵبەتە ئەم هەڵواسینە ماوەیەکی زۆری دەخایاند، کەسەکە تووشی ماندووبوونێکی زۆر دەکرد، بۆیە ناچاردەبوو، بە نۆرە لەسەریەک پێی خۆی ڕابگرێت، چونکە بە تێکچوونی هاوسەنگی جەستەی ئازارێکی زۆری قۆلی دەدا(دارتاش، ٢٠٢١، ١١٦).

بەستنەوەی زیندانییەکان لە ستوون بۆ ماوەیەکی زۆر، شێوازێکی تری بەعسییەکان بوو، هەندێ لە زیندانییەکان بۆ ماوەی (٣٧) کاتژمێر ئەم جۆرە ئەشکەنجەیان بەرانبەر بەکارهێنراوە (محەمەد، ٢٠١٢، ١٠٧)،

زیندانی لە کاتی ئەم ئەشکەنجەدانەدا دادەبڕا لە جوڵە، نان خواردن، سەرئاوکردن، خەو، دواتر وردەوردە ئاگاییشی لەدەستدەدا و دەکەوتە دۆخێکی مەترسیدار و نزیک دەبووەوە لە مەرگ (عەبدولکەریم، ٢٠٢٠، ١٥٢)، لە کاتی بەستنەوە لە ستوونەکان مێش و مەگەزی زۆر لە زیندانی کۆدەبوونەوە، بەهۆی ئەوەی جەستە و جلوبەرگەکانیان خوێناوی بوو، ئەمەش زیندانی تووشی حاڵەتێکی زۆر سەخت دەکردەوە (کۆکەیی، ٢٠٠١، ٤٧).

شێوازی بتڵ پێهەڵگرتن لە دەرچەی کۆمەوە شێوازێکی تری نامرۆڤانەی بەعسییەکان بوو کە دەرهەق بە زیندانییەکان ئەنجامدەدرا، ئەشکەنجەدراوەکە تووشی ئازارێکی سەختی جەستەیی و دەروونی دەکرد، بەهۆی ئەم ئەشکەنجەدانە زیندانییەکە توشی خوێنبەربوون دەبوو (علی، ٢٠١٩، ١٠٦؛ رەئوف، ٢٠٠٤، ٤٤) بەپێی بیرەوەرییەکانی (بەهادین حاجی بەکر دارتاش)، زیندانی هەبوو (١١) جار شێوازی بتڵ پێهەڵگرتنیان لەسەر تاقیکردبووەوە (دارتاش، ٢٠٢١، ١٣٤) یان بتڵی پڕ لە ئاویان لەسەری ئەندامی نێرینەی پیاوان دەبەست (گۆڤاری کۆمەڵە، خولی دووەم، ژ٣، ١٩٨٢، ٤٨؛ عززت، ٢٠٠٠، ٤٦).

بەکارهێنانی کارەبا یەکێکبوو لە شێوازەکانی ئەشکەنجەدان کە لەلایەن بەعسییەکان بەچەند جۆرێک بەکاردەهێنرا. زیندانیکراو لەسەر کورسییەک دادەنرا، وایری کارەبا لە دەست و سەری دەبەسترا. هەندێجار لە شوێنە هەستیارەکان وەکو گوێ و مەمک و ئەندامی نێرینەی پیاوان دەبەسترا، دەرئەنجامی زۆرینەی ئەم شێوازە ئەشکەنجەدانە بوورانەوە بوو (سۆڵەیی، ٢٠١٠، ٤٤؛ مولود، ٢٠٢٢/٨/١٤، چاوپێکەوتن)

بەکارهێنانی ئاوی سارد لە وەرزی زستان و ئاوی گەرم لە وەرزی هاوین بۆ ئازاردانی زیندانییەکان شێوازێک بوو، کە لەلایەن ئەمنەکان

پەیڕەوی لێدەکرا. ئەم شێوازەش زیندانییەکانی تووشی دۆخێکی دژوار دەکرد، بەوپێیەی ئاوی سارد لە وەرزی زستان زیندانییەکانی تووشی سەرما و سۆڵە دەکرد، لەکاتێکدا خودی ژوورەکان زۆر سارد بوون، ئاوی گەرمیش لە هاوین هەم جەستەی تووشی سوتان دەکرد، هەم پلەی گەرمیی لەشی زیندانییەکانی بەرزدەکردەوە. (عزت، ٢٠٠٠، ١٠٥) لە وەرزی هاوین کارەبا لەسەر زیندانییەکان دەکوژێنرایەوە، ئەمەش دەبووە هۆی دروستبوونی گەرمایەکی بەتین لە ژوورەکان، زیندانییەکان تووشی ئارەقکردنەوەیەکی زۆر دەبوون، هەندێ لە زیندانییەکان ژانەسەرێکی توندیان دەگرت، هەڵبەتە بەهۆی زۆریی ژمارەی زیندانییەکان و بچووکیی ژوورەکان و نەبوونی ئامێری هەواگۆڕکێ، ئازارێکی زیاتری بە زیندانییەکان دەبەخشی (کۆمەڵە، خولی دووەم، ژ٣، ١٩٨٢، ٤٨؛ قەرەداغی، ٢٠٠٨، ١١٤). هەندێک ژووری زیندانی هیچ پەنجەرەیەکی تیادانەبوو، تەنها دەرگای تیابوو، کاتێ دەرگاکە دادەخرا زیندانییەکان تووشی هەناسەتەنگییەکی توند دەبوون و لەهۆشخۆدەچوون (هاجانی، ٢٠٢٢/٨/٩، چاوپێکەوتن). یان زیندانیکراوەکان هەندێ کات لە وەرزی هاوین دەهێنرانە دەرەوە لەبەر تیشکی بەتینی خۆر ڕایاندەگرتن، زیندانی تووشی خوێنبەربوون و ژانەسەری توند دەکرد (تیلەری، ٢٠٠٢، ١٢٣).

دەرخواردنی ماددەی ژەهراوی بە زیندانیانی سیاسی یەکێک بوو لە شێوازەکانی تری لە ناوبردنی زیندانییەکان (مەکییە، ٢٠٠٩، ١٦٧؛ -Al hilli,2008,35) بەپێی هەواڵێکی ژمارە (٢٣)ی بڵاوکراوەی دەنگوباسی کوردستان کە لە (١٩ی ئابی ١٩٨١) دەرچووە، ژمارەیەک زیندانی سیاسی لە زیندانی زاخۆ ژەهرخواردکراون، زیندانییەک بە ناوی (ساڵح فارس) گیانیلەدەستداوە و ئەوانی تر لە نەخۆشخانەی زاخۆ لەژێر چاودێریی پزیشک خەوێندران (دەنگوباسی کوردستان، ژ٢٣، ١٩٨١)، هەر لە ژمارە (٤٢) بڵاوکراوەکە هێما بۆ ئەوە کراوە لە زیندانی ئامێدی ژەهر دراوەتە زیندانییەکان، کەسێک بە ناوی (حسن ئەحمەد) گیانیلەدەستداوە

(دەنگوباسی کوردستان، ژ٤٢، ١٩٨١)، لە ئاکامی خواردەمەنیی ژەهراویی یەکێک لە ئافرەتە گیراوەکانی کەسوکاری پێشمەرگە گیانلەدەستدەدات (دەنگوباسی کوردستان، ژ٥٧، ١٩٨١). حکومەتی عێراق بۆ لەناوبردنی ئەندامانی گروپە بەرهەڵستکارەکان، زۆرجار ماددەی ژەهراویی بەکاردەهێنا، یەکێک لەو ماددانە بریتی بوو لە ژەهری (سالیۆم)[٤] لە ڕێگای نانخواردن و ئاو و شەربەتەوە دەدران بە زیندانییەکان (سورمێ، ٢٠٠٦، ٢٦١) ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە ڕاپۆرتەکانی ئاماژەی بەوە کردووە، حکومەتی عێراق ماددەی سالیۆمی بە زیندانیانی سیاسیی عێراق داوە، بە تایبەتی پێش بڕیاری لێبوردنی گشتی لە ئەیلولی١٩٨٠، ژمارەیەک زیندانی بەرکەوتەی ئەو ماددە بوون ( Amnesty international,14April 1989,30.)، بە پشتبەستن بە زانیاریی زیندانێکی سیاسی ماددە کیمیاوییەکان لەسەر جەستەی زیندانیانی سیاسی تاقیکراوەتەوە، بەمەش سەدان زیندانی بوونەتە قوربانیی ئەم ڕەفتارە (دارتاش، ٢٠٢١، ٢٠١). بەکارهێنانی حەوزی پڕ لە تیزاب شێوازێکی تری ئەشکەنجەدان بوو کە بەرانبەر زیندانییەکان بەکاردەهات، کە ڕاستەوخۆ جەستەی هەڵدەوەری و گیانیانلەدەستدەدا (بابان، ٢٠٠٢، ٢١٧–٢١٨)

فەلاقەکردن شێوازێکی کۆنی ئەشکەنجەدان بوو، کە بەعسییەکان زۆرجار بەکاریاندەهێنا، ئەم ئەشکەنجەیە بە جۆرێ بوو کە بەردەوام بە کێبل و سۆندە لە ژێرپێی زیندانییەکانیان دەدا، ئیتر ژێرپێی زیندانییەکە دەئاوسا و ئازارێکی زۆری بۆ دروستدەکرد، زیندانییەکە دەبووڕایەوە و توانای ڕۆیشتنی نەدەما. (قەرەداغی، ٢٠٠٨، ٣٤)، بەزۆر لەناو ئاو هاتوچۆیان پێدەکرد یان خوێیان پیادەکرد، ئەمەش ئازارێکی زۆری زیندانییەکەی دەدا، چونکە بەهۆی برین و شەقبوونی پێیەکانی ئازارێکی سەختی بۆ دروستدەبوو (بۆسکێنی، ٢٠٠٩، ٣٢؛ تیلەری، ٢٠٠٢، ١٢٠).

ئەنجامدانی گێچەڵی سێکسی لەلایەن ئەفسەر و پۆلیسەکان زۆرجار بە مەبەستی هەراسانکردنی زیندانییەکان بەکاردەهێنرا، بە تایبەتی لە کاتی ئەنجامدانی ئەشکەنجەدان بە ڕووتیکردارەکەیان دەکرد، یان هەندێ جار زیندانیکراوە مێردمنداڵەکانیان ڕووتدەکردەوە، تەماشایان دەکردن (قەرەداغی، ٢٠٠٨، ١١٥). یان بۆ ناچارکردنی درکاندنی زانیاری لە بەردەم زیندانییەکە دەستدرێژیی سێکسی دەکرایە سەر خێزانەکەی (Al-hilli,2008,33). دەستدرێژیکردن بۆسەر ئافرەتان لەلایەن بەعسییەکان، بە شێوەیەک لە شێوەکان لە هەندێ زیندان بەرانبەر ئافرەتان بەکاردەهێنرا. بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەیەکی نهێنیی بەڕێوبەرایەتیی ئەمنی عەسکەری ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە چۆن ئەمنەکان دەستدرێژیی سێکسییان کردۆتە سەر ئافرەتە زیندانەکان و کارەکەشیان تۆمارکردووە، هەڵبەتە ڤیدیۆی تۆمارکراوی ئەم ڕەفتارە کەوتۆتە بەردەستی یەکێک لە حیزبە بەرهەڵستکارە کوردییەکان (وزارة الدفاع، دائره الامن العسكري، العدد١٦/ق١، التاريخ١٩٩١/٥/٢). بە پشتبەستن بە وتەکانی (ناجیە قادر) کە لە هاوینی ١٩٨٧ لەلایەن دەزگای هەواڵگیری لە سلێمانی دەستگیرکراوە و لە بەندیخانەی ئەبوغرێب زیندانیکرابوو، باس لەوەدەکات کە دەستدرێژی کردنە سەر ئافرەت و منداڵانی زیندانیکراو بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهات (الركابي، ١٤٣٠هجري، ١٠٢-١٠٣). ئەمەش پێشێلکاری تەواوی بەها کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان بوو، کە دەرهەق بە زیندانییەکان دەکرا.

جەستەی زیندانییەکان هیچ بەهایەکی لای ئەمنەکان نەبوو، شێوازی جۆراوجۆری ئەشکەنجەیان لەسەر تاقیدەکردنەوە. (ڕەسوڵ بۆسکێنی) لە بیرەوەرییەکانی سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت، کە جەستەیان بە دوو ئۆتۆمبێل بەستووەتەوە، ئۆتۆمبێلەکان بەشێنەیی لێک دووردەکەوتنەوە و ئازارێکی زۆریان پێگەیاندووە و لەتاو ئازارەکە لەهۆشخۆیچووە (بۆسکێنی، ٢٠٠٩، ٣٦-٣٦). دەرهێنانی نینۆک و چاو شێوازێکی تری

ئەشکەنجەدان بوو کە بەرانبەر هەندێ لە زیندانییەکان بەکاردەهێنرا (Amnesty international,14december 1986,1؛ تیلەری، ٢٠٠٢ ، ٨٢)، یان زیندانی هەبوو بزماریان لە پێی دادەکوترا (رەئوف، ٢٠٠٤، ٢٤) تەنانەت هەڵدەستان بە کونکردنی ئەژنۆ و لێکردنەوەی ئەندامەکانی جەستە (دەنگوباسی کوردستان، ژ٥٧، ١٩٨٢، ٢) ئەم جۆرە ئەشکەنجەدانە بە شێوەیەک بوو، زیندانی بەهیچ شێوەیەک بەرگەی نەدەگرت و دەبوورایەوە.

سووتاندنی جەستەی زیندانیکراو جۆرێک بوو لە ئەشکەنجە سەختەکان کە دەرهەق بە زیندانییەکان دەکرا، بۆ ئەمەش چەند شێوازی جۆراوجۆر بەکاردەهات. هەندێ زیندانی بە مادده کانزایەکانی وەک نەوت، بەنزین و تیزاب جەستەیان دەسوتێنرا (شەورۆ، ٢٠١٥ ، ٩٦-١٠١؛ محەمەد، ٢٠١٥، ٣٥٠) یان ئامێرە کارەباییەکانیان لە شێوەی ئوتوو بەکاردەهێنا و جەستەیان داخدەکرد، جگە لەوەی هەندێجار جگەرەیان بە شوێنە هەستیارەکان دەنا. (تیلەری، ٢٠٠٢، ١٢٠)، (مهاباد قەرەداغی) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەمنەکان زۆر بەبێ بەزەییانە جگەرەیان بە جەستەکەی کوژاندوەتەوە (قەرەداغی٢٠٠٥، ٦١) گەرمکردنی ڕۆن و پێداکردنی بە جەستەی زیندانییەکان شێوازێکی تری ئەشکەنجەدان بوو کە پەیڕەودەکرا. (رەئوف، ٢٠٠٤، ٤٣-٤٤) یان سووتاندنی زیندانی بە دانیشاندنی لەسەر ئامێری گەرمکەرەوە (سۆبە) (کۆمەڵە، خولی دووەم، ژ٤، ١٩٨٢، ٥٧).

پێویستە ئاماژە بۆئەوە بکەین کە هەندێ لە پاسەوانەکان نەیاندەویست ئازار و ئەشکەنجەی زیندانییەکان بدەن، هەوڵی ئەنجامنەدانی کارەکەیان دەدا. زیندانیکراوێک لە بیرەوەرییەکانی هێما بۆ ئەوەدەکات کاتێ لە زیندانی (فریاکەوتنی چوارباخ)ی سلێمانی بووە، جارێکیان پاسەوانێک لە جیاتی ئەوەی کێبل لە ئەوان بدات، کێبلەکانی لە

دیوار دەدا و نەیدەویست ئازاری ئەوان بدات، کە ئەم هەڵوێستە بەلایان سەیر و چاوەڕواننەکراوبوو (علی، ٢٠١٩، ١١٧).

ئافرەتان و منداڵ لە دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدانی بەعسییەکان بە دوور نەبوون. ژمارەیەکی بەرچاو لەو ڕەگەز و تەمەنەش لە زیندانەکان بەعس جۆرەها شێوازی ئەشکەنجەدانیان بەرانبەر بەکاردەهێنرا. تێبینیدەکرێت ئافرەتەکانی کورد شانبەشانی پیاوان بەشداریی ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناو شاریان کردووە، ئەگەرچی لە سنوورێکی دیارکراودا بووە، بەڵام کاریگەریی دیاریان هەبوو، بۆیە کارێکی چاوەڕوانکراو بوو هەندێجار کارەکانیان ئاشکرابن، لەلایەن ئەمن و ئیستخبارات دەستگیربکرێن و بخرێنە زیندان؛ لە زیندان ئەشکەنجەی زۆریان دەدان بەبێ ئەوەی گوێ بەوە بدەن ئەوان ئافرەتن، بێبەشدەکران لە سەرجەم خزمەتگوزارییەکان، هەندێ ئافرەت هەبوو بۆ ماوەی شەش مانگ هەمان جلوبەرگی کاتی دەستگیرکردنی لەبەر بوو، بێ ئەوەی بیگۆڕێت (محەمەد، ٢٠١٢، ٦٢-٦٣).

بۆ ئەوەی زیندانییەکان ناچار بکەن دان بە تۆمەتەکان بنێن، ڕەفتاری زۆر نامرۆڤانەیان بەکاردەهێنا، بە جۆرێ منداڵی ساوایان لە پێش باوکی سووتاند، ئەم ڕووداوەش لە (٨ی حوزەیرانی ١٩٨١) لە یەکێک لە زیندانەکانی بەغداد بەرانبەر باوکێکی پێشمەرگە بەکارهاتووە (دەنگوباسی کوردستان، ژ٥٧، ١٩٨٢). ئەم ڕەفتارانە بەردەوام بەرانبەر کەسوکاری پێشمەرگە بەکاردەهێنرا، هەتا برسیکردن و دابڕاندن لە پێدانی شیر بە منداڵی شیرەخۆر پەیڕەوی لێ دەکرا، بۆ ئەوەی کەسوکارەکەی ئەشکەنجە و ناڵەی منداڵەکانیان ببین و ناچاربن زانیارییەکان بدرکێنن (Amnesty international, 1989,14march,2) هەندێجار زیندانێک تایبەت دەکرا بە زیندانیکردنی کەسوکاری پێشمەرگە، هەروەکو زیندانی فەزیلییە و (کەلها ئالوکا)(٥) لە پارێزگای دهۆک، لە ماوەی نێوان

ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٢ زیاتر (٥٠٠) ئافرەت و منداڵی تێدا زیندانیکرابوو. لەم زیندانە کۆمەڵێک ئافرەتی دووگیان و منداڵی شیرەخۆرەی تیادا بوو، تەنانەت یەکێک لە منداڵە تازە لەدایکبووەکان گیانیلەدەستدا، بەهۆی نەبوونی شیر و پێداویستییە سەرەتاییەکان، لە هەمانکاتدا ژمارەیەکی بەرچاو لە ئافرەتی بەساڵاچوو دوا ڕۆژەکانی تەمەنیان لەوێ بەسەردەبرد (سعید، ٢٠٢٠، ١١-٧٥).

ئەو پێشلکاریانەی بەعس بەرانبەر منداڵان بە تۆمەتی ئەوە بوو کە کەسوکاری چالاکوانە سیاسییەکانن یان بەشداریکردن لە کاری سیاسی و دژایەتیکردنی بەعس بەکاریدەهێنا لە سنوورێکی بەرفراوان دابوو، ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی ڕێکخراوەکانی جیهان بێنێتە دەنگ، لە دیارترینیان ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی(Amnesty international) بوو، کە لە ١٤ی نیسانی ١٩٨٩ ڕاپۆرتێکی (٧١) لاپەڕەیی لەسەر ڕەوشی منداڵانی عێراق لەژێر دەستی بەعسییەکان بڵاوکردەوە، کە چەندین داتای وردی تێدابوو لەسەر ئەشکەنجەدان، لەسێدارەدان، مردن لەژێر ئەشکەنجە و بێسەروشوێن بوون (Amnesty international, 1989, 14April ).

بە شێوەیەکی گشتی حکومەتی بەعسی عێراقی جۆرەها شێواز و جۆری ئەشکەنجەدانی بەرانبەر بە زیندانیانی سیاسی بەکارهێناوە. ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی و هەندێ لە سەرچاوە عێراقییەکان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە زیاتر لە (٣٠) شێوازی جۆراوجۆری ئەشکەنجەدان بەرانبەر زیندانییەکان بەکارهێنراوە ( Amnesty international,14march 1989,2؛ المؤسسة الشهداء، ٢٠١٩، ٢٩) بەڵام هەندێ سەرچاوەی تر باس لە زیاتر (١٠٠) جۆری ئەشکەنجەدان دەکات (سورمێ، ٢٠٠٦، ٢٥٩-٢٨٠؛ بابان، ٢٠٠٢، ٩٦-٩٧).

## ٢- ئەشکەنجەدانی دەروونی

لەگەڵ یەکەم هەنگاوی دەستگیرکردن فشارێکی بەرزی دەروونی بۆ دەستگیرکراوەکان دروستدەبوو. کاتێک دەخرانە کونجی زیندان پاڵەپەستۆکان بەرزتر دەبوونەوە، ئەوان ئەو هەستەیان لا دروستدەبوو، کە ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر چاوەڕوانیانە، ئیتر هەستێکی نامۆ بەسەر زیندانییەکە زاڵ دەبوو. زیندانییە سیاسییەکان لە گێڕانەوە و بیرەوەرییەکانیان ئاماژە بەم هەستە دەروونییەیان دەکەن (رەئوف، ٢٠٠٤، ٢٣) لە هەمانکاتدا خودی کرداری کردنەوە و دەنگی کیلۆنی دەرگاکان، ئازارێک بوو زۆرێک لە زیندانییەکانی تووشی دڵەخورتە دەکرد و پێی هەستیار دەبوون (بۆسکێنی، ٢٠٠٩، ٣١؛ محەمەد، ٢٠١٢، ٢٢) زیندانییەکان هەر لەگەڵ دەنگی کردنەوەی دەرگاکان ئەوەیان لە خەیاڵ دروستدەبوو، کە بۆ ئەشکەنجەدانی ئەوان هاتوون (کۆکەیی، ٢٠٠١، ٤٠).

ئەشکەنجەی دەروونی جیا لە ئەشکەنجەی جەستەیی، بە شێوەیەکی بەرنامە و ڕێکخراو لە کاتی لێکۆڵینەوەدا لە لایەن بەعسییەکان کاری لەسەر دەکرا، بە ئامانجی ترساندن و ڕیسواکردنی گیراوانی سیاسی، بۆیە بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵدەدرا بۆ تێکدانی دەروونیان (رائف، ١٩٩٠، ٤٠). بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر خۆڕاگری و تێکدانی دەروونی زیندانییەکان دروستبکەن، زیندانییەکان لە پێش چاوی یەکتر ئەشکەنجە دەدران، ئەمەش بۆ ئەوەبوو کە ئەو پەیامە بە زیندانییەکانی تر بگەینن کە چارەنووسی ئەوانیش ئەو ئەشکەنجەدانەیە ئەگەر زانیاری نەدرکێنن (عەبدولکەریم، ٢٠٢٠، ١٥٣) هەندێ کات بۆ ئەوەی زیندانیکراو تووشی دڵەڕاوکێ بکەن، چاوەکانیان دەبەستن و بۆ ماوەیەک لەناو زیندانەکە دەیانگێڕا (قەرەداغی، ٢٠٠٨، ٩٣)، یان زیندانییەکان پێش ئەوەی دادگاییبکرێن، کار لەسەر ڕووخاندنی دەروونیان دەکرا، پێیان دەوتن ئێوە لەسێدارەدەدرێن، جا حەزەکەن (گوللەباران بکرێن یان لەسێدارەبدرێن).

هەروەها داوایان لێ دەکرا وەسیەتنامە بنووسن (بۆسکێنی، ۲۰۰۹، ۳۵) کە مەبەستیان ئەوە بوو وا لە زیندانیکراوەکە بگەیەن، کە چارەنووسیان کوشتنە و بیر لە مەرگ و ژیان بکەنەوە، بۆئەوەی ناچاربن ددان بەو تۆمەتانە بنێن کە لەسەری دەستگیرکراون.

گواستنەوەی زیندانی لە ناو ئۆتۆمبێلی داخراودا بۆ ناوچە دوورەکان، کە ژمارەیەکی زۆر زیندانییان تێ دەئاخنی، ئازارێکی زۆری بۆیان دروستدەکرد، توشی هەناسەتەنگی دەبوونەوە بەهۆی کەمیی هەوا و بۆنی ناخۆشی ئارەق و چەوری و چڵکی زیندانییەکان، بەهۆی دووریی ڕێگاکان و نەبردنیان بۆ سەرئاو زیندانی ناچاردەبوو میز بەخۆیدا بکات، دیسان ئەمەش ئازارێکی تر بوو بۆ زیندانییەکان (رائف، ۱۹۹۰، ٤٠؛ علی، ۲۰۱۹، ۱۷۷–۱۷۸) کاتێکیش ئۆتۆمبێلەکان بە شوێنی مەبەست دەگەیشتن زیندانییەکانیان بۆ ماوەیەکی زۆر دانەدەگرتن. (بۆسکێنی، ۲۰۰۹، ٤٣) ئەوەی زیاتر تەنگی بە زیندانییەکان هەڵدەچنی لە کاتی گواستنەوە ئازاری کەلەپچەکان بوو کە دوو دوو پێکەوە دەیان بەستنەوە، چونکە بە جۆرێک کەلەپچەکان لە دەستیان گیردەکرا، شوێنی لەسەر جەستەی دەردەچوو، کە بۆ ماوەیەکی زۆر هەم ئازاری دەمایەوە هەم شوێنەکەی (ڕەئوف، ۲۰۰٤، ۲۷).

بەڕێوبەرانی زیندان، چەند ڕەفتارێکی دوور لە بەها مرۆییەکان لەگەڵ زیندانییەکان بەکاردەهێنا. بە جۆرێک زیندانییەکان ناچاری چەند کارێک دەکران کە زۆر ئازاری دەروونییان دەچەشت، لە وێنەی پیسایی و میزکردن لەناو ژوورە تاکبەندییەکان. خەوتن لەسەر زەوی بەبێ دۆشەک و سەرین. نەگۆڕینی جلوبەرگە پیس و خوێناوییەکەی بۆ ماوەیەکی درێژ. هەروەها پێنەدانی خواردن و خواردنەوە بۆ چەند ڕۆژێک. (رائف، ۱۹۹۰، ٤٠؛ جلال، ۲۰۰٥، ۳۸) بۆ ئەوەی زیندانی تووشی سکچوون بکەن، خواردنی خراپیان پێ دەدان، زیندانییەکە دوای ئەوەی خواردنەکەی

دەخوارد تووشی سکچوونێکی توند دەبوو، بە جۆرێک هەموو گیانی دەبوو بە پیسایی، دۆخێکی دژواری بۆ زیندانییەکە دروستدەکرد، هەرکاتێکیش داوای پزیشکی دەکرد گاڵتەیان پێدەکرد. (سۆڵەیی، ٢٠٠٤، ١٣٢) دانانی زیندانیی سیاسی لە ژووری پیس و تەنگ و تاریکدا کە بۆ ماوەیەکی زۆر، کە هیچ مەرجێکی تەندروستی نەبوو، جگە لە جەنجاڵی لەناو ژوورەکان کە ژمارەیەکی زۆر لە گیراوانی سیاسی لەو جۆرە ژوورانە دادەنران، بە شێوەیەک جێگەی ئەو ژمارە زۆرە نەدەبووەوە، ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی بارودۆخێکی دەروونیی سەخت بۆ زیندانیکراو دروستبکات  بە جۆرێک نەتوانن بە شێوەیەکی ئاسایی بخەون یان دابنیشن بۆیە ناچاردەبوون بە نۆرە بخەون و دابنیشن. (محەمەد، ٢٠١٢، ٢١) ژوورە تاکبەندییەکانیش وەک شێوازێکی ئەشکەنجەی دەروونی بەرانبەر زیندانییەکان بەکاردەهێنرا، چونکە ژوورە تاکبەندییەکان ژووری زۆر تەنگ و تاریک بوون، هیچ پەنجەرە و ئامێری ڕووناککردنەوە و گەرمکەرەوە و ساردکەرەوەی تیانەبوو، بە تەواوی زیندانییەکانی لە ژیان و خەو و خواردن دادەبڕی. (قەرەداغی، ٢٠٠٨، ٥٣؛ بۆسکێنی، ٢٠٠٩، ٢٢) زیندانییەک لە بیرەوەرییەکانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەگەڵ (٥) کەس بۆ ماوەی (١٤) ڕۆژ لە ژووری تاکبەندی زیندانی کراون، بێ ئەوەی خواردن و ئاویان پێبدەن، بە ناچاری پەنایان بردۆتە بەر خواردنەوەی میزی خۆیان، ئیتر ڕۆژبەڕۆژ بارودۆخیان بەرەو خراپ بوون دەچوو، کە پاسەوانەکان زانییان بارودۆخیان خراپە ئینجا لە زیندانە تاکبەندیەکە دەریانهێناون (کۆکەیی، ٢٠٠١، ٤٥-٤٦).

بەکارهێنانی وشەی نەشیاو و سوکایەتیپێکردن لەلایەن پاسەوانەکانەوە بەردەوام ڕۆژانە بەکاردەهێنرا. لە کاتی پێشکەشکردنی ژەمی ڕۆژانە، یاخود کاتێک دەبران بۆ لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدان، هەمیشە سوکایەتییان پێدەکرا (بۆسکێنی، ٢٠٠٩، ٤٥) یان ڕاگرتنی زیندانی بۆ ماوەیەکی زۆر بە چاوبەستراوەی، بێ ئەوەی ئەشکەنجە بدرێت

(تیلەری، ٢٠٠٢، ٦٦) ئەمەش زیندانی تووشی پاڵەپەستۆی دەروونی دەکرد، چونکە زیندانییەکە هەمیشە چاوەڕێی ئەوە بوو ئەشکەنجە بدرێت.

هەنگاوێکی تری ئەشکەنجەی دەروونی بریتیبوو لە دانانی گیراوی سیاسی لەگەڵ گیراوانی تری وەک: پیاوکوژ و دز، ئەمەش بۆ ئەوە بوو تا زیندانی سیاسی تووشی دارمانی دەروونی بکەن و وانیشان بدەن ئەو لەسەر کارێکی بێبەها دەستگیرکراوە (عەبدولکەریم، ٢٠٢٠، ١٨٤)، یاخود بە پێچەوانەوە کەسانی پیاوکوژ و دز و پیاوخراپ دەهێنرانە لای زیندانیانی سیاسی بۆئەوەی بە هەڵسوکەوتە نەشیاوەکانی ئەزیەتی زیندانییەکان بدەن (بۆسکێنی، ٢٠٠٩، ١٤١-١٤٢).

ئامێری دەنگ تۆمارکردن لە هەندێ ژووری زیندانییەکان دادەنرا، کە دەنگی ئازار و ئەشکەنجەیان لە ڕێگای بڵنگۆ لەناو ژوورەکان پەخشدەکرد بە تایبەتی دەنگی ئافرەت و منداڵ بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر زیندانییەکان جێبهێڵن، ئەمەش زیاتر لەوکاتانەدا دەکرا کە زیندانیکراو تازە زیندانی دەکرا (قەرەداغی، ٢٠٠٥، ٣٢؛ محەمەد، ٢٠١٢، ٧٨)، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ زیندانی لەو ژوورانە دادەنران کە نزیک بوون لە هۆڵی ئەشکەنجەدان، ئەم زیندانییانە بەردەوام گوێبیستی ناڵە و ئازاری ئەشکەنجەدانی هاوزیندانی دەبوونەوە، ئەمە بەلای زیندانییەکان زۆر ئازاربەخش بوو، وەک خۆیان ئاماژەی بۆ دەکەن خۆزگەیان بە ئەشکەنجەدان دەخواست، نەک دەنگ و ناڵەی هاوزیندانیانیان بۆ بێت (حمدامین، ٢٠٢٢/٨/١٥، چاوپێکەوتن).

پاسەوانەکان زیندانییەکانیان ناچاردەکرد کە جوێن و قسەی نەشیاو بەسەرکردەکانی کورد بدەن، ئەگەر داواکاریەکانیان جێبەجێنەکردبا، ئەوا زۆر بە خراپی ئەشکەنجەدەدران (سۆڵەیی، ٢٠١٠، ١٦٣) کاتێ دوو برا دەستگیردەکران، پاسەوانەکان داوایان لێدەکردن یەکتر ئەشکەنجە بدەن، کەلوپەلەکانی ئەشکەنجەدان دەدرانە دەستیان، ئەم داواکارییەی

پاسەوانەکان لای برایەکان شتێکی قورس بوو، نەیان دەتوانی کردارەکە ئەنجامبدەن و داواکاریی پاسەوانەکانیان ڕەتدەکردەوە، بۆیە بە ڕەتکردەنەوەی داواکارییەکە ئەشکەنجەیەکی زۆر دەدران (تیلەری، ٢٠٠٢، ١٣٥). ئەمەش زیاتر وەک شەڕێکی دەروونی بەرا.بەر زیندانییەکان بەکاردەهێنرا.

ئافرەتانیش هەروەکو پیاوان جگە لە ئەشکەنجەی جەستەیی، بەردەوام ئەشکەنجەی دەروونییان بەرانبەر بەکاردەهێنرا. بۆئەوەی دۆخی ئارامی زیندانییەکان تێکبدەن، چەند ڕەفتارێکی نەشیاویان بەرانبەر بە زیندانە ئافرەتەکان دەکرد، وەکو لەخەوکردنی ئافرەتەکان، کە بەرد و شتی تریان بە سەری ژوورەکان دەدا، کە سەرەکانیان ئاسن و جەمەلۆن بوون، یان کرداری ئەشکەنجەی زیندانییەکانیان لە نزیک ئەوان ئەنجامدەدا بۆ ئەوەی ئەوان گوێیان لێبووایە (محەمەد، ئیسماعیل، ٢٠١٢، ٢٨)، کاتێک ئافرەت دەچووە ناو سووڕی مانگانە، سەراوژێر هەڵیاندەواسی، ئەمەش کاریگەریی زۆرخراپی لەسەر تەندروستیی ئافرەتەکە جێدەهێشت. ( Amnesty international, 1989, 14 April,15 ) ، هەندێجار بەهۆی ئەشکەنجەی سەخت ئافرەت و منداڵەکان بەرگەیان نەدەگرت، سەرئەنجام لەژێر ئەشکەنجە گیانیانلەدەستدەدا (دەنگوباسی کوردستان، ژ٧٥، ١٩٨٢).

بەپێی ئەو زانیارییانەی خرانەڕوو، بەڕێوبەرانی زیندان ڕەفتاری دوور لە بەهای مرۆڤایەتییان بەرانبەر زیندانیی سیاسی بەکارهێنراون، ئەوان نەک تەنها ئازاری جەستەیی زیندانییەکانیان داوە، بەڵکو ئازاری سەختی دەروونیشیان داون. بۆ ئەم مەبەستەش جۆرەها شێوازی ئەشکەنجە بەکارهێناون، ئیتر ئەو ئەشکەنجەدانە کاریگەریی زۆری جەستەیی و دەروونی بەسەر زیندانییەکان جێهێشتووە.

**ئەنجام:**

- بەعسییەکان بۆ پارێزگاریکردن لە دەسەڵات و پێگەیان، ترس و تۆقاندنێکی لە ڕادەبەدەریان لەناو عێراق بڵاوکردبووەوە، کاری سیاسی لە سەرجەم هاووڵاتیان قەدەغەکرابوو، تەنها کارکردن بۆ حیزبی بەعس ڕێگەپێدراو بوو، بۆیە هەر کەسێک کاری سیاسی یان بۆنی کاری سیاسی لێ کرابا، بە زووترین کات دەستگیردەکرا و ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆریان دەدا.

- بۆ ئەوەی فشار بخەنە سەر چالاکوانانی سیاسی و پێشمەرگە، هەڵدەستان بە دەستگیرکردنی کەسوکاریان، تا لەم ڕێگایەدا چالاکوانان ناچاربن لە پێناو ڕزگارکردنی کەسوکاریان خۆیان بەدەستەوە بدەن.

- جۆرەها شێوازی ئەشکەنجەدان بەرانبەر زیندانییەکان بەکاردەهێنرا، بە جۆرێک زیندانییەکان ئەشکەنجەدەدران، کە چەندین لێکەوتەی جەستەیی و دەروونی بەسەر زیندانییەکانی جێدەهێشت، دوای ئازادکردنیشیان بەدەست لێکەوتەکان دەیاننالاند.

- دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدان تەنها تایبەت نەبوو بە پیاوان، بەڵکو ژمارەیەکەی بەرچاو لە ئافرەت و منداڵ ڕاپێچی زیندانەکان کران بە بیانووی ئەنجامدانی کاری سیاسی یان هەبوونی ڕۆڵەکانیان لەناو هێزی پێشمەرگە، هەندێک لە ئافرەت و منداڵەکانیش ڕووبەڕووی دەستدرێژیی بەعسییەکان دەبوونەوە.

- سەرجەم حیزب و پارتە بەرهەڵستکارە کوردییەکان، کەوتبوونە بەر شاڵاوی دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدان، حیزبی بەعس هیچ جیاوازییەکی لەنێوان ئەندامانی حیزبە کوردییەکان نەدەکرد لە ڕووی دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدان، هەر ئەم سیاسەتەی بەعس ڕەنگیدایەوە

بەسەر هەبوونی زیندانیانی سیاسیی کورد لە سەرجەم پێکهاتەی حیزبە کوردییە بەرهەڵستکارەکان.

**پەراوێزەکان:**

(١) بەرەی نیشتمانی، ئەو بەرەیە بوو کە لە ساڵی ١٩٧٣ حیزبی بەعس ڕایگەیاند بۆ ئامانجە تایبەتییەکانی خۆی کە هەریەکە لە حیزبی شیوعی عێراق و چەند حیزبێکی کوردی دروستکراوی بەعس تێدا بەشداربوون، لەوانە: پارتی شۆڕشگێری کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان (سەربە حیزبی بەعس) و بزوتنەوەی تەقەدومی ئەکراد. دواتر لە ساڵی ١٩٧٩ ئەم بەرەیە هەڵوەشایەوە. (احمد، ٢٠١٣، ٢٩-٣٨).

(٢)سوپای میللی، کە لەلایەن خەڵک پێان دەوترا (جاش)، هێزێکی چەکداریی کوردی ناڕێکخراو بوون لە لایەن حیزبی بەعس دامەزران، بە تایبەتی دوای سەرهەڵدانی شەڕی نێوان ئێران و عێراق زیاتر گرنگییان پێدرا. دامەزراندنی ئەم هێزانە چەند ئامانجێکی لە پشت بوو، لەوانە ئەو کوردانەی لە خزمەتی سەربازی ڕایاندەکرد، زۆربەیان پەیوەندییان بە پێشمەرگە دەکرد بۆ خۆشاردنەوەیان لە دەستگیرکردن لەلایەن بەعس، بەعسییەکان بۆ ئەوەی ڕێگا لەو جۆرە پەیوەندییە بگرن و دواتر شەڕی کورد بەرانبەر کوردییان پێی بکات و بەو ئامانجە ئەم هێزانەی پێکهێنا. بە گشتی جاش و مستەشارەکان ڕۆڵێکی خراپیان گێڕا لە ناوچە کوردییەکان، بەڵام هەندێکیشیان یارمەتیدەری زۆرباشی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردیان لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کردووە. بۆ زیاتر ئاشنابوون بە دەرکەوتن و لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکان جاش بگەڕێوە بۆ (نێروەیی، ٢٠٠٨، ٣٦٨-٣٨٠؛ دیبەگەیی، ٢٠١١، ٢٤٥-٣٩٠)

(٣) وەک مەلا ماتۆر و عەبدولسەتار تاهیر شەریف، ئەمانە هەریەکەیان پارتێکی کارتۆنییان لەلایەن بەعس بۆ دروستکرابوو، زۆرجار هەندێ پۆستی وەزارەتیان پێدەدرا. (تەیب، ٢٠١٢، ١٦٤-١٦٥).

(٤) (سالیۆم) مادەیەکە بەکاردەهێنرێت بۆ کوشتنی مشک و جرج. حکومەتی عێراق لە سەردەمی سەدام بەکاریدەهێنا بۆ لەناوبردنی سیاسییەکان و زیندانیانی سیاسی. زۆرینەی ئەوانەی ئەو ماددە ژەهراوییەیان پێدراوە گیانیانلەدەستداوە، ئەگەر لە ژیانیش بمێنن ئەوا بەهۆی ئەو ماددەیە بەدەست کۆمەڵی نەخۆشی دەناڵێنن. (.Amnesty international,14April 1989,30؛ سورمێ، ٢٠٠٦، ٢٦١).

(٥) ئەم زیندانە دەکەوێتە نێوان سێڕیانی دهۆک- موسڵ- سیمێڵ. (سعید، ٢٠٢٠، ١١).

## لیستی سەرچاوەکان:

### بەڵگەنامە:

-الامن العامة، مديرية امن محافظة اربيل، العدد/ش.س١٣٢٩٥/١، التاريخ١٩٨٧/١٠/١٥).

-مدرية الامن العامة، الموضوع حجز عوائل، التاريخ ١٩٨٧/٥/١٠.

-وزارة الدفاع، دائرة الامن العسكري، العدد١٦/ق١، التاريخ١٩٩١/٥/٢.

### نامەی ماستەر و دکتۆرا.

### بەزمانی کوردی

- احمد، ژیلوان عبدالله.(٢٠١٣)، حیزبی شیوعی عێراق ڕۆلی لەبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەباشووری کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١، ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر.

-حەمەدئەمین، ئارام ئەبوبەکر. (٢٠١٦)، بارودۆخی سیاسیی پارێزگای هەولێر١٩٧٩-١٩٩١، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، بڵاونەکراوە، هەولێر.

### بەزمانی عەرەبی:

-سالم، حيدر سمير. (٢٠١٩)، الاوضاع السياسية لكرد العراق في عهد الرئيس احمد حسن البكر١٩٦٨-١٩٧٩، ماجستير، جامعة البصرة، البصرة.

## بیرەوەری و یاداشتەکان:

-ئەمین، نەوشێروان مستەفا. (١٩٩٩)، خولانەوە لەناو بازنەدا دیوی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٨٤-١٩٨٨، مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان، چاپی دووەم، بەرلین.

-ئیسماعیل، ئەرسەلان بایز.(٢٠٠٢)، ڕۆژانی سەخت، چاپخانەی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن، سلێمانی.

- بۆسکێنی، ڕەسول. (٢٠٠٩)، ڕۆیشتنێک بەناو ئازاردا بیرەوەری و ڕوداوەکانی بەندیخانە ١٩٨٩-١٩٩١، چاپخانەی هاوسەر.

-بەرانەتی، چەتۆ(٢٠١٩)، کەخیانەت سنورەکانی دەبەزێنێت، ب.ش، ب.چ.

- بەکردارتاش، سیروان. (٢٠٢١)، گۆرانیەک پێش مردن شەهید بەکری دارتاش و وێنەکانی تر.

-تیلەری، جعفر یاسین. (٢٠٠٢)، زیندان چاڤێ شۆرشێ نە، بەرگی یەکەم، چاپخانا وەلات، دهۆک.

-جلال، هاورێ ی حاجی.(٢٠٠٥)، ئەورۆژانەی لە یادم ناچێتەوە، چاپخانەی ژیار، سلێمانی.

-جەباری، سەید قادر. (٢٠٠١)، ٢٥ ڕۆژ لە زیندانی فاشییەکانی بەغداد، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

-دارتاش، بەهادین حاجی بەکر. (٢٠٢١)، دەنگێک لە کلاوڕۆژنەی زیندانەوە، چاپخانەی موکریان، سلێمانی.

- ڕێباز، (٢٠٠٨)، قەندیل بەغدای هەژاند، یاداشتەکانی پێشمەرگایەتی ١٩٧٦-١٩٨٠، بەشی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

-رەئوف، کاروان. (٢٠٠٤)، یاداشتی زیندان و کۆژانی زیندان، چاپخانەی هەندرێن، ب.ش.

- سعید، عبدالعزیز حمید.(٢٠٢٠) کەلها ئالوکا بەرخودان و خۆڕاگری یا شێرە ژنێن زیندانیکری، بەرگی یەکەم، چاپخانا ئالا، دهۆک.

- سۆڵەیی، محەمەد شێخ عەبدولکەریم. (٢٠٠٤)، مامۆستا جەمال تاهیر قارەمانی شۆڕش و زیندان، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی.

-سۆڵەیی، محەمەد شێخ عەبدولکەریم. (٢٠١٠) پواز لە ئەمنە سورەکەوە بۆ ئەبوغرێب، چاپخانەی ئاوێنە، سلێمانی.

- شاکەلی، شێخ سەعید شێخ ئەحمەد. (٢٠٠١)، ژیلەمۆی گەرمیان، چاپخانەی بەدرخان، سلێمانی.

-شەوڕۆ، فازیل. (٢٠١٥)، هەورازەکانی تەمەنم (یادەوەری حەسەن کاکە)، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

- عزت، محمود ملا. (٢٠٠٠)، کاروانی بێ کۆتایی گۆشەیەک لە یاداشت وبیرەوەرییەکان، چاپی دووەم، کتێبخانەی سلێمانی، سلێمانی.

-علی، بەرهەم. (٢٠١٩)، ٣٦٦٠ بیرەوەری گەنجێکی کوردستانیی ئاشووری لە زیندانەکانی عێراق، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

-عەبدولقادر، فەرەیدون. (٢٠٢٠)، هەڵۆ سورەکانی قەندیل. چ٢، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

-عەبدولکەریم، محمد (حەکیم). (٢٠٢٠)، جەستەیەکی لاواز بەخاچەوە ڕۆژانەی زیندانییەک، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

-قەرەداغی، مەحمود. (٢٠٠٨)، لەو دیو سنورەکانی مەرگەوە، چاپی دووەم. سلێمانی.

-قەرەداغی، مهاباد. (٢٠٠٥)، ساڵێک لە دۆزەخ، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

- کۆکەیی، سابیر. (٢٠٠١)، ناڵەی پێشمەرگەیەک بۆ مێژوو، بەرگی یەکەم، ب.ش، ب.س.

- کێستەیی، ڕزگار. (٢٠١٨)، ل ژێر سیبەرا چیا ژ بیرەوەرییێن شورەش و بەرخوەدانێ، بەرگی یەکەم، چاپخانا ڕۆژهەلات، دهۆک.

- محمد، ئەمیرە. (٢٠١٥)، خەباتی نەمران لە زیندانی موصڵ، چاپخانەی بلو، سلێمانی.

- محەمەد، محەمەد، ئیسماعیل و هەژار. (٢٠١٣)، ئەو ڕۆژانەی ئەمرۆیان دروست کرد، بەرگی دووەم، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک/ کەناڵی کوردسات، سلێمانی.

-محەمەد، ئیسماعیل. (٢٠١٢)، ئەو ڕۆژانەی ئەمرۆیان دروست کرد، بەرگی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

- مەنگوڕی، مەحەمەد.(١٩٩٦)، شەوێک لەشەوانی١٦ مانگەی زیندانی ئینفرادی ئەمنی هەولێر، هەولێر.

**سەرچاوە کوردییەکان و وەرگێڕدراوەکان بۆ سەر زمانی کوردی:**

-ئەندەرسن، ستانسفیلد، لیام و کاریث. (٢٠٠٨)، ئایندەی عیراق دیکتاتۆری، دیموکراسی یان دابەشبوون، وەرگێڕان: کامیار سابیر، دڵشاد حەمە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

- بارزانی، مەسعود. (٢٠٢٠)، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.

- تریب، چارلز. (٢٠١٣)، چەند لاپەرەیەک لە مێژووی عێراق، وەرگێران:محمد حوسێن ئەحمەد و عبدولقادر کەلهوری، چاپی سێیەم، رۆژهەلات٢٠١٣، هەولێر.

- سورمێ، هەژار. (٢٠٠٦)، کورد و جینۆساید، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

- عیسا، ئەلبێرت. (٢٠٠٧)، خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

- گوڵ، مارف عمر (٢٠١٠)، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتی ، چاپی پێنچەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

-تەیب، جمال فتحوڵلا. (٢٠١٢)، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان (١١/٣/١٩٧٥-م٢٨/١١/١٩٨٠)، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

-جەلیل، جەلیلی، م.س.لازاریف، م.ئـ.حەسرەتیان، شاکرۆ محۆی، ئۆلگای میگالینا. (٢٠١٨)، شۆرشەکانی کورد لەسەردەمی نوێدا، وەرگێران: بەهادین جەلال مستەفا، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

-حەمەد، دلێر ئەحمەد. (٢٠١٩)، مێژووی جوڵانەوەی نەتەوەیی رزگاریخوازی گەلی کورد لە باشوری کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

-دیبەگی، دەرسیم. (٢٠١١)، ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردسایدکردنی گەلی باشوری کوردستان، هەولێر.

-ساڵح، عومەر همزە. (٢٠١٨)، تۆمارێک لە خەباتی نهێنی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کورستان لە سنوری پشدەر ١٩٧٥ تا ١٩٩١ (شۆرشی گوڵان)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

-کارەساتی (مەنعی تەجەولی) ١٩٨٥ی شاری سلێمانی. ( ٢٠٠٢) ، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

-مستەفا، ئاراس عەبدولرەحمان. (٢٠١٨)، خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانی باشوری کوردستان١٩٧٥-١٩٨٨، بەرگی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

-نێروەیی، علی تەتەر. (٢٠٠٨)، بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لەکوردستانی عێراق لەساڵەکانی جەنگی عێراق وئێران دا (١٩٨٠-١٩٨٨)، چاپخانا سپیرز، ، دەهۆک.

- نێروەیی، علی تەتەر.(٢٠١٠) ، سیاسەتی حکومەتی عێراق لە کوردستان لەسایەی بەڵگەنامە فەرمییەکاندا ١٩٧٥-١٩٩١، دەهۆک، بەرگی١، چاپخانا زنکۆیا دهۆک.

-نەوزاد، هونەر. (٢٠١١)، لەیلا قاسم تەمەنێکی بچوک مێژوویەکی گەورە١٩٥٠-١٩٧٤، هەولێر.

**ڕۆژنامە و گۆڤارەکان:**

- رۆژنامەی ڕزگاری، (١٩٨٥) شالاوی ڕژێم بۆ شاری کەرکوک، ژ٣، تیشرینی یەکەمی ١٩٨٥.

- کۆمەڵە، (١٩٧٨)، لە دەفتەری سەروەری دا ، ژ١، خولی یەکەم، پایزی ١٩٧٨.

-دەنگوباسی کوردستان، (١٩٨١)، ڕژێم ژار[ژەهر] ئەدا بە گیراوەکانی بەندیخانەی زاخۆ، ژ٢٣، ١٩-٨-١٩٨١.

-دەنگوباسی کوردستان، (١٩٨١)، رژێمی دیکتاتۆر ژار دەرخواردی گیراوەکان دەدات، ژ٤٢، ١٩٨١/١٢/١٣.

-دەنگوباسی کوردستان، (١٩٨٢) رژێمی دیکتاتور کەسوکاری پێشمەرگەو بەدیل گیراوەکان دەستگیر دەکات. ژ٧٥، ١٨-٤-١٩٨٢ .

-دەنگوباسی کوردستان، (١٩٨٢)، خوشکێکی کورد لەبەندیخانە شەهید دەبێت، ژ٥٧، ٢٨-٢-١٩٨٢.

-رۆژنامەی ڕزگاری، (١٩٨٦)، ئەم هەواڵە، ژ٦، کانونی دووەمی ١٩٨٦.

-رەسول، محمد رەسول، (٢٠٢١)، رەوشی زیندانیانی سیاسیی کورد لە سەردەمی حەرەس قەومی، ژ٢، بەرگی ٤، گۆڤاری توێژەر.

-کۆمەڵە، (١٩٨٢). نامەیەک لە زیندانی فاشیستەکانەوە، خولی دووەم، ژ٤، نیسانی١٩٨٢

-کۆمەڵە، (١٩٨٢). نامەیەک لە زیندانی فاشیستەکانەوە، خولی دووەم، ژ٣، مارتی١٩٨٢.

**چاوپێکەوتن:**

- حمدامین، نجم الدین حمەسعید، هەولێر، ٢٠٢٢/٨/١٥. ناوبراو بۆجاری سێیەم لە ١٩٧٩ لەشاری هەولێر دەستگیردەکرێت، لەساڵی ١٩٨٢ بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێت و ئازاد دەکرێت، ئێستا پارێزەری یاسایی لەشاری هەولێر.

- سەرحان، فەرەج مستەفا، چاوپێکەوتن لە دەهۆک ٢٠٢٢/٨/٩. ناوبراو لە ١٩٨٣/١/٢٨ لەشاری دەهۆک دەستگیرکراوە، لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەمنەکان، بەخۆی و چەکەکەی دەستگیر دەکرێت، بەهۆی ئەوەی تەمەنی ١٦ساڵ بووە، بڕیاری لە سێدارەدانی ناگرێتەوە و سزای زیندانی هەتاهەتایی بەسەر دەسەپێنرێت، دواتر لەئەیلولی١٩٨٨ بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێت.

- مستەفا، زاهیر ڕەسوڵ چاوپێکەوتن ٢٠٢٢/٨/١٧ لە ڕەواندز، ناوبراو لەڕیزی پێشمەرگەی کۆمەڵە دابوو، لە ١٩٨٩/٩/١٦ لەلایەن ئیستخباراتی عێراق لە رەواندوز دەستگیردەکرێت، تا ڕاپەرینی ١٩٩١ لەزیندان دەبێت، دواتر ڕادەکات و لەگەڵ کۆمەڵێ زیندانی خۆیان ڕزگار دەکەن.

- یوسف، محی الدین حسن، چاوپێکەتن لە مەڵبەندی حیزبی شیوعیی کوردستان - هەولێر ٢٠٢٢/٨/١٥. ناوبراو لە کۆتاییەکانی ١٩٨٤ لە دەورووبەری خانەقین دەستگیرکراوە، لە ١٩٨٦/٥/١٩ ئازاد دەکرێت، ئێستا ئەندام پەرلەمانی کوردستانە لەسەر لیستی حیزبی شیوعیی کوردستان.

-قادر، سعود خەلیل. چاوپێکەوتن لە شاری هەولێر لە ٢٠٢٢/٨/١٤. ناوبراو لە ١٩٨٦/٤/٢٨ لەشاری هەولێر دەستگرکراو داوی هەڵگەڕانەوەی دوو لە هاوڕێیەکانی، بەهۆی ئەوەی تەمەنی بچووک بووە، بڕیاری لە سێدارەدانی ناگرێتەوە و سزای زیندانی هەتاهەتایی بەسەر دەسەپێنرێت، دواتر لەئەیلولی١٩٨٨ بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێت و ئازاد دەکرێت.

-کۆیی، کاوە غەریب قادر چاوپێکەوتن لە(٢٠٢٢/٨/١٤)، ناوبراو لە ١٩٨٥/٩/٢٠ لە موسڵ دەستگیرکراوە، بەتۆمەتی بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوە و بەشداریکردنی خۆپیشاندان لە شاری هەولێر، لە مانگی حوزەیرانی ١٩٨٦ ئازادکراوە. ئێستا کارگێری کۆمکارانی زیندانیانی سیاسیی کوردە.

-محمد، روقیا خورشید، چاوپێکەوتن ٢٠٢٢/٨/١٧ لە ڕەواندز، ناوبراو لە سەرەتای مانگی تەموزی ١٩٧٦ لەگەڵ چەند خێزانێکی پێشمەرگە لەگوندی ڕەژووکەریانی سەربەقەزای ڕەواندوز دەستگیردەکرێن، ڕەوانەی ناوچەکانی کوت و عمارە دەکرێن، لەگەڵ سەدان خێزان لە زیندانەکانی ئەوێ دەستبەسەر دەبن، تا لە ١٩٧٧/١٢/١١ ئازادەکرێن.

-مولود، هەڤاڵ علی چاوپێکەوتن لە شاری هەولێر (٢٠٢٢/٨/١٤) ناوبراو لە ١٩٨٤/٩/١ لە شاری هەولێر دەستگیرکراوە، کاتێ ئامادەکاری دەکرد بۆ گواستنەوەی هەندێ پێشمەرگە بۆ دەشتی هەولێر، لە١٩٨٨/٩/١٨ ئازادکراوە.

-هاجانی، حازم مەحمود خەلەف، چاوپێکەوتن لە(٢٠٢٢/٨/٩)سیمێل-دهۆک. ناوبراو لە١٩٨٠/٩/٢١ لە شاری موسڵ دەستگیرکراوە، بۆماوەی حەوت ساڵ لە زیندان دەبێ و لە ١٩٨٧/٩/٢٢ ئازاد دەکرێت.

## سەرچاوە عەرەبییەکان:

-الركابي، عبدالهادي(. ١٤٣٠هجري)، وثائق لا تموت، صفحات سوداء من تاريخ حزب البعث، المؤسسة الشهداء، بغداد.

-العباسي، عبدالحميد (١٩٨٤)، صفحات سوداء من بعث العراقى، ب.ط، ب.م، الطبعة الثاني.

-بابان، طه.(٢٠٠٢) عالم الكرد المرعب، السليمانية، الطبعة الثانية، مطبعة شڤان

-بطاطو، حنا. (١٩٩٩)، الشيوعيون والبعثيون والضباط الاحرار، ترجمة:عفيف الرزاز، كتاب الثالث، ط٢، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت.

-رائف، احمد. (١٩٩٠)، بلاد الخوف و الارض الرعب، الزهراء لاعلام العربى، القاهيره.

-ساسون، يوسف.(٢٠١٥) بعث صدام رؤية من داخل نظام استبدادي، ترجمة: رفعت السيد علي، منشورات الجمل، بيروت.

-سلوغلت، مارون فارق، بيتر (٢٠٠٣)، من الثورة الى الديكتاتورية العراق منذ١٩٥٨، ترجمه: مالک النبراسي، منشورات الجمل، بيروت.

-عبدالرحمن، سامى. (١٩٩١)، من اوراقى، مطبعة گەل، كردستان.

-ووج، ميدل ايست(٢٠٠٤)، حقوق الانسان في العراق، ترجمه:رزگار، دهوک، المطبعة زانا.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

-Al-hilli, walid (2008), Human rights in Iraq1968-1988, London.

- Amnesty international, Iraq Children:innocent victims of political repression, 14April 1989.

-Amnesty international,23April 1987.

-Amnesty international,14march 1989.

-Amnesty international,14April 1989.

## فەرهەنگ و ماڵپەرەکان:

-Dictionary.cambridge.org/political prisoner..

-www.britannica.com/Douglas J. Dallier,political prisoner.

**ملخص:**

خصصت هذه الدراسة للبحث عن كيفية اعتقال وتعذيب السجناء السياسيين الكورد في السجون العراقية، خلال حقبة ١٩٧٩-١٩٩١ والتي تعد من زمن سلطة صدام حسين الاستبدادية. استخدم البعثيون العديد من الأساليب لحماية سلطتهم وموقعهم، وعملوا بجد من أجل السيطرة على المجتمع، لذلك استخدموا السجون كاحدى الوسائل لنشر الخوف. لذلك بسبب قوة الحركة المسلحة التحريرية في جنوب كردستان وقمع أصوات المعارضة من قبل البعثيين، تم اعتقال عدد كبير من النشطاء السياسيين الكورد من قبل السلطة المركزية، وقاموا بتعذيبهم بشدة، وكانوا قد مارسوا هذا التعذيب بطرق متنوعة، مثل: التعذيب الجسدي والنفسي لإجبار السجناء على الكشف عن المعلومات. وأتى ذلك لسبب أن حزب البعث لم يسمح لأي حزب أو فكرة أو أيديولوجية بالظهور يتعارض مع نهجه المتبع، وأدى هذا الفكر البعثي إلى محاربته من قبل الأحزاب المعارضة والجماعات السياسية، من أجل الدفاع عن هويتم الوطنية والديمقراطية، وفي النتيجة، بسبب الاشتباكات الفكرية والمسلحة تم سجن الآلاف من النشطاء السياسيين، وعاملوهم بشكل غير إنساني، لإجبارهم ترك العمل السياسي.

الكلمات المفتاحية: (السجن، السجناء السياسيون، البعثيون، قوات الأمن، التعذيب الجسدي، التعذيب النفسي...)

**Abstract:**

The current study investigates The imprisonment and torture of the Kurdish political prisoners in Iraq from 1979 to 1991, which was the period of tyranny and oppression of Saddm Hussen.

Baathists used different methods of governance to protect their power and maintain their status. furthermore, they tried hard to control every single individual in the society, to achieve that they used imprisonment to spread fear amongst their enemies. However, due to the powerful position of the Kurdish liberator movement in the southern Kurdistan and the oppression of the rebels by the Baathists a number of Kurdish political activists were imprisoned and tortured, the methods of torture included; physical torture and psychological torture to make the prisoners confess,

The Baathists did not allow the presence of any opposition and misalignment of their ideology which led to the birth of opposing political parties and communities to maintain and preserve their national identity as well as protecting democracy. This long term conflict resulted in the imprisonment of hundreds of political activists  and they were brutally tortured to oblige them to confess and give information about their fellow citizens.

Keywords: prison, political prison, Baathists, security guards, physical torture , psychological torture)